جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق: لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێ گفتوگۆکانی هەولێر و ناوەند چڕتر دەبنەوە

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێ سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدی، ئاماژەیە بۆ بەردەوامی ئەو ڕێککەوتن و گفتوگۆیانەی، کە پێشتر لە نێوان هەولێر و ناوەند کراون، ئاماژەش بەوە دەدا بە ئارامبوونەوەی بارودۆخەکە سەردان و گفتوگۆکان دەست پێ دەکەنەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5914) دووشەممە 20ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

فەرماندەیەکی پێشمەرگە:

داعش لە سنووری مەخموور و قەراج کەوتووەتە جوولّەوە

فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان رایگەیاند، تیرۆریستانی ڕێکخراوی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتیش مەخموور و قەراج، کەوتوونەتە جوولّەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ دۆنالّد تەمپ کۆدەبێتەوە



دوێنێ یەکشەممە 2020/1/19 سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بانگهێشتێکی فەرمی بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی داڤۆس دەکات و لەگەڵ دۆنالّد تەمپ سەرۆکی ئەمریکا و ژمارەیەک لە سەرکردە و وەزیر و بەرپرسانی بالّای وڵاتان کۆدەبێتەوە.

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە داوەتێکی فەرمی بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی داڤۆسدا دەکات کە ڕۆژانی21 تا 24ی ئەم مانگە لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنیدا بەڕێوە دەچێت و تیایدا بە ناونیشانی لەپێناو جیهانێکی یەکگرتووی گەشەسەندووی بەردەوامدا، تیشک دەخرێتە سەر پرسە جیهانییەکانی تایبەت بە ئابووری و سیاسەت و ئاسایش و سەقامگیری. لە میانی بەشداریکردنیدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بەڕێزان دۆنالّد تەمپ سەرۆکی ئەمەریکا و ئەنتۆنیۆ گۆتێرێز، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەک لە سەرکردە و وەزیران و بەرپرسانی بالّای وڵاتان کۆدەبێتەوە. لە کۆبوونەوەکاندا پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سیاسەت و هەڵوێستی هەرێم و گۆڕینەوەی بیروڕا دەربارەی پرسە هەرێمی و جیهانییەکان تاوتوێ دەکرێن. هەر لە میانی بەشداریکردنیدا، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە دانیشتنێکی داڤۆسدا بە ناونیشانی «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ناسەقامگیر» قسە دەکات. تیایدا لێکەوتە درێژخایەنەکانی ئاڵۆزی و پشێوییە بەردەوامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بوونەتە سەرچاوەی ترس و نیگەرانییەکی گەورەی جیهانی و ناوچەیی باس دەکرێن و تیشک دەخرێتە سەر کاریگەریی ستراتیژیی قەیرانی ئێستا لەسەر ئاشتی و سەقامگیری لە کەنداو، عێراق و سووریا.



پارتی لیژنەیەکی بالّای بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەی 14 پێکهێناوە

لە کۆبوونەوەی پێرێی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی و بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ، بڕیاردرا لە ساڵی2020 کۆنگرە ئەنجام بدرێت، ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەڵێت، لیژنەیەکی بالّا بۆ ئەنجامدانی کۆنگرە پێکهاتووە، ڕاشیدەگەیەنێت، کۆنگرەی ئەمجارە دەبێتە کۆنگرەیەکی نەوەعی و خوێنی نوێ دێتە ناو سەرکردایەتی پارتی. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

عزەت شابەندەر بۆ «خەبات»:

وڵاتانی عەرەبی پلان بۆ دابەشکردنی عێراق دادەڕێژن

کەسایەتی سیاسی ناسراوی عێراق "عزەت شابەندەر" لەلێدوانێکی تایبەت هۆشداری دابەشکردنی عێراق بە بەرپرسانی ئێستای عێراق دەدات و جەختیش دەکاتەوە کە وڵاتانی عەرەبی میواندارییە کەسایەتییە عێراقییە سونە مەزهەبە عەرەبەکان دەکەن بەمەبەستی داڕشتنی پلانی دابەشکردنی عێراق. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی: دۆخی عێراق ئاڵۆزتر دەبێت

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق رایگەیاند، دۆخی عێراق ئاڵۆزتر دەبێت، بەهۆی دووبارە توندتربوونی گرژییەکانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

عێراق.. ئاستی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان فراوانتر دەبن



خۆپیشاندەرانی عێراق بەر لە کۆتاییهاتنی ئەو مۆڵەتەی کە بەئامانجی دەستنیشانکردنی کەسێکی سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت پێشکەش بە حکوومەتی کاربەڕێکەر و پارتە دەسەڵاتدارەکانیان کردووە، ئاستی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیان دژبە حکوومەت فراوانتر کرد. خۆپیشاندەران تا ئەمڕۆ دووشەمە و مۆڵەتیان داوە بە حکوومەتی کاربەڕێکەر و پارتە دەسەڵاتدارەکان تا کەسێکی سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دەست نیشان بکەن، هەروەها بکوژانی چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان سزا بدەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ دادگای فیدراڵی بڕیاری کۆتایی لەبارەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەدات

دوای بڕیاری پەرلەمانی عێراق بۆ سڕکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، بڕیارە ئەمڕۆ دووشەمە دادگای باڵای فیدراڵی کۆبوونەوەی لەسەر بکات، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵیش ڕایدەگەیەنێت، بەنەمانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەسەڵات بۆتە مەرکەزی. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

لوبنان.. ژمارەی بریندارانی خۆپیشاندانەکەی بەیروت گەیشتە 165 کەس

خاچی سووری لوبنانی ڕایگەیاند، ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئاکامی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە بەردەم باڵەخانەی پەرلەمان لە ناوەڕاستی بەیروت بریندارببوون، بەرزبوویەوە و گەیشتە 165 کەس. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



پێنج سەرکردەی ناسراوی عێراق دەخرێنە ناو لیستی ڕەشی ئەمەریکا

بەپێی زانیارییەکان، ئەو سەرکردە عێراقییانە بە تۆمەتی لادان لە بنەما دیموکراتییەکان، تێکدانی سەقامگیری، پێشێلکاریی بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ، گەندەڵی و بوونی پەیوەندیی بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، دەخرێنە ناو لیستی سزاکانی ئەمەریکا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەنتەرێکی ئەمەریکی:

چوار سزای زۆر تونند چاوەڕێی عێراق دەکەن

سەنتەرێکی توێژینەوەی ئەمەریکی ڕایدەگەیەنێت، کە چوار سزای زۆر تونند چاوەڕێی عێراق دەکەن. سەنتەری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی (ئەتلانتیک کونسڵ)ی ئەمەریکی ڕاپۆرتێکی بڵاو کردووەتەوە و تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئەگەر بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق جێبەجێ بکرێ، ئەوا ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی چوار سزای زۆر تونند دەبێتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پارتی لیژنەیەکی باڵای بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەی 14 پێکهێناوە

عەلی حوسێن: کۆنگرەی ئەمجارە دەبێتە کۆنگرەیەکی نەوعی و خوێنی نوێ دێتە ناو سەرکردایەتی پارتی



لە کۆبوونەوەی پێرێتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی و بە گوێرەی پەیرەوی ناوخۆ، بڕیاردرا لە ساڵی 2020 کۆنگرە ئەنجام بدرێت، ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەڵێت، لیژنەیەکی باڵا بۆ ئەنجامدانی کۆنگرە پێکهاتووە، راشیدەگەیەنێت، کۆنگرەی ئەمجارە دەبێتە کۆنگرەیەکی نەوعی و خوێنی نوێ دێتە ناو سەرکردایەتی پارتی.

عەلی حوسێن، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: بڕیاردراوە ئەمساڵ کۆنگرەی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە هەولێر ئەنجام بدرێت.

هەروەها چەندین لیژنەی تر دروست دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕای ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی وەرگیراوە و لیژنەکە دیاری دەکات کەی کۆنگرە ئەنجامبدرێت.

عەلی حوسێن جەخت دەکاتەوە، کە کۆنگرەی پارتی بەپێی هەلومەرجی ئێستا دەبێت و گۆڕانکاری لەپەیرە و پڕۆگرامی پارتی دەکرێت، هاوکات ئێمە بەرچاومان ڕوونترە بۆ ئێستای عێراق و هەرێم و ناوچەکەش وەهەلدەدەین کە کۆنگرەی ئەمجارە نەوعی بێت، ڕاشیدەگەینێت، پارتی پێویستی بەوە هەیە کە کۆنگرەکە لەئاستی قۆناغی ئێستا و هەلومەرجەکە و قوربانیەکانی پارتیمان بێت.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەشڵێ، دوێنێ و ئەمڕۆ سبەیش بەیەکەوە دەبەسترێنەوە و خوێنی تازە دێتە ناوسەرکردایەتی پارتی، باس لەوەش دەکات، پارتی حیزبی هەموو توێژەکانە بە کوردو و ئەوانەی لەکوردستانیش دەژین.

دکتۆر بەشیر حەداد: لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێ گفتوگۆکانی هەولێر و ناوەند چڕتر دەبنەوە



جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێ سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدی، ئاماژەیە بۆ بەردەوامی ئەو ڕێککەوتن و گفتوگۆیانەی، کە پێشتر لە نێوان هەولێر و ناوەند کراون، ئاماژەش بەوە دەدا بە ئارامبوونەوەی بارودۆخەکە سەردان و گفتوگۆکان دەست پێ دەکەنەوە.

دکتۆر بەشیر حەداد، لە لێدوانێکیدا بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتیی رایگەیاندووە، پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا لە ئاستێکی باش دایە، کە گەیشتبوونە ئاستێکی بەرز و تیمە هونەرییەکان خەریکی کاری خۆیان بوون، گفتوگۆکان و هاتووچۆی شاندەکانیش بەردەوامی هەبوو، هەتا ڕووداوی خۆپیشاندانەکانی باشوور و نێوەڕاستی عێراق، کە بارودۆخەکەی ئاڵۆزکرد، بەو هۆیەشەوە حکوومەتی عێراق زیاتر سەرقاڵی خۆپێشاندان و ئەو بارودۆخە بوو، کە تێیکەوتبوو، بۆیە گفتوگۆ و سەردانەکان ساردی تێکەوت، هاوکات هۆکارێکی دیکەیشی، دەستلەکار کێشانەوەی سەرۆکوەزیران بوو.

بەشیر حەداد دەشڵێت: سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدی، کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەنجامی دا و لەگەڵ سەرکردەکانی کوردستاندا کۆبوونەوە، ئاماژەی بە گرنگی ئەو سەردانە کرد، کە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بوو، کە بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژاردنی عێراق ئامادەکاری بۆ دەکات، هەروەها

عزەت شابەندەر بۆ «خەبات»:

وڵاتانی عەرەبی پلان بۆ دابەشکردنی عێراق دادەڕێژن

سوننە مەزهەبەکان پێیان وایە بەبێ هێزەکانی ئەمەریکا زیاتر پەراوێز و فەرامۆش دەکرێن



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

کەسایەتی سیاسی ناسراوی عێراق "عزەت شابەندەر" لەلێدوانێکی تایبەت بە رۆژنامەی خەبات هۆشداری دابەشکردنی عێراق بە بەرپرسانی ئێستای عێراق دەدات و جەختیش دەکاتەوە کە وڵاتانی عەرەبی میوانداری کەسایەتییە عێراقییە سوننە مەزهەبە عەرەبەکان دەکەن بەمەبەستی دارشتنی پلانی دابەشکردنی عێراق.

عزەت شابەندەر کە پێشتر سەرکردەیەکی باڵای حزبی دەعوەی عێراق بوو ئێستا وەک کەسایەتیەکی سیاسی بێلایەن و هەندێ جاریش ڕەخنەگر قسە دەکات، لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ رۆژنامەی خەبات ئاماژە بەدوو هەڵوێست دەکات کە بەهێزەوە هەلی دابەشکردنی عێراق بەهێزتر دەبێت ئەگەر بەزووترین کات چارەسەر نەکرێت، یەکەمیان بڕیاری یەکلایەنەی پەرلەمانتارە شیعەکانی عێراق بە دەرکردنی هێزە قەناعەتیان بە هێزە کوردی و عەرەبە سوننەکانی عێراق بکردایە لەدانیشتنەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران ببێنەوە. بەڵام ئەوە نەکرا، بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران زیاتر وەک بڕیارێکی شیعە دەردەکەوێت و هەندێ لە سەرکردە سوننەکانیش ئەم دووپێکهاتە سەرەکییەی عێراق بەدواداهات تا ئەو رادەیەی هێزە کوردیە ناکۆکەکانی یەکخستەوە و دەبوو هێزە شیعیەکانی عێراق بەرامبەر ئەو لێدوانەی حەسەن نەسرولاّ هەڵوێست و ڕوونکردنەوەیان هەبووایە.

لەکۆتایی لێدوانە تایبەتەکەی عزەت شابەندەر بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: زانیاریم هەیە چەند وڵاتێکی عەرەبی میواندارییە سەرکردە سوننە عەرەبەکان دەکەن بەمەبەستی هاندانیان بۆ داواکاری دروستکردنی هەرێمێکی سوننە و ئەم هەنگاوەش پشتیوانی ئیسرائیل و ئەمەریکاش مسۆگەر دەکات، ئەگەر هێزە شیعیە دەسەلاتدارەکان ئەم کێشانەی ئێستای عێراق چارەسەر نەکەن و گوتیشی: بۆ دروستکردنی هەرێمی سوننە ئەو وڵاتە عەرەبیانە گفتوگۆی نهێنیان لەگەڵ محەمەد حەلبوسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیشیان کردووە.

بڕیارە بە لێدانی خۆیان دەزانن و پێیان وایە بەبێ هێزەکانی ئەمەریکا سوننە مەزهەبەکان زیاتر پەراوێز و فەرامۆش دەکرێن. هەڵەی دووەمیش لەو لێدوانەی حەسەن نەسرولاّ بەرامبەر بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران زیاتر وەک بڕیارێکی شیعە دەردەکەوێت و هەندێ لە سەرکردە سوننەکانیش ئەم هێزە ئەمەریکییەکان لەعێراق کە ئەوەی بەهەڵە زانی و گوتی: نەدەبوو هێزە سیاسییە شیعەکانی عێراق لەو مەسەلەیەدا بەبێ کورد و عەرەبی سوننە ئەو بڕیارەیان بدایە و دەکرا لەبەرامبەر پێدانی مافەکانی ئەم دوو پێکهاتە سەرەکییەی عێراق هێزە ئەمەریکییەکان لەعێراق بەهەڵە زانی و گوتی: نەدەبوو هێزە سیاسییە شیعەکانی عێراق لەو مەسەلەیەدا بەبێ کورد و عەرەبی سوننە ئەو بڕیارەیان بدایە و دەکرا لەبەرامبەر پێدانی مافەکانی ئەم دوو پێکهاتە سەرەکییەی عێراق بەرامبەر بەرێز مسعود بارزانی بوو کە هەستم کرد کاردانەوەی گەورەی لەناو شەقامی کوردی ماڵەوە. چالاکوانەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە دوێنێ دەوامی فەرمی لە ناسرییە کرایەوە پشوو.

خۆپیشاندەران رێگەی نێوان پارێزگای زیقار و بەغدا داخست

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەکی ئەمنی رایگەیاند، کە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانی کەربەلادا ڕوویداوە و لە لایەکی دیکەوە خۆپیشاندەران ئەو ڕێگە سەرەکییەیان داخستووە کە دەچن بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی نەجەف. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەربەلا لە لێدوانێکدا باسی لەوە کردووە کە لە ناوەڕاستی شاری کەربەلا ڕووبەڕووبوونەوە بەیانی دوێنێ یەکشەمە لە هەردوو گۆڕەپانی قوڕتوبە و تەیەران ناوەڕاستی بەغدا ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا ڕوویداوە. پەیامنێرەکەش ئاماژەی بەوەش کردووە کە لەمیانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکەدا، هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکڕێژیان بەرامبەر بەخۆپیشاندەران بەکارهێناوە کە بەهۆیەوە ژمارەیەک خۆپیشاندەر بریندار بوون. هەروەها لە شاری نەجەفیش سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاندووە کە خۆپیشاندەران ژمارەیەک ڕێگای شارەکەیان داخستووە. هاوکات بەهۆی داخستنی ژمارەیەک پرد لە شاری ناسرییە ناوەندی پارێزگای زیقار لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە، دەوامی فەرمی کرا بە پشوو. لەو بارەیەوە چالاکوانێکی خۆپیشاندانەکانی ناسرییە ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەران ژمارەیەک پردیان لە ناوەڕاستی ناسرییە داخستووە کە بە هۆیەوە فەرمانبەران نەیانتوانیوە بچنە سەر کارەکانیان و گەڕاونەتەوە ماڵەوە. چالاکوانەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە دوێنێ دەوامی فەرمی لە ناسرییە کرایەوە پشوو.

خۆپیشاندەران رێگەی نێوان پارێزگای زیقار و بەغدا داخست

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند، کە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانی کەربەلادا ڕوویداوە و لە لایەکی دیکەوە خۆپیشاندەران ئەو ڕێگە سەرەکییەیان داخستووە کە دەچن بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی نەجەف. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەربەلا لە لێدوانێکدا باسی لەوە کردووە کە لە ناوەڕاستی شاری کەربەلا ڕووبەڕووبوونەوە بەیانی دوێنێ یەکشەمە لە هەردوو گۆڕەپانی قوڕتوبە و تەیەران ناوەڕاستی بەغدا ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا ڕوویداوە. پەیامنێرەکەش ئاماژەی بەوەش کردووە کە لەمیانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکەدا، هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکڕێژیان بەرامبەر بەخۆپیشاندەران بەکارهێناوە کە بەهۆیەوە ژمارەیەک خۆپیشاندەر بریندار بوون. هەروەها لە شاری نەجەفیش سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاندووە کە خۆپیشاندەران ژمارەیەک ڕێگای شارەکەیان داخستووە. هاوکات بەهۆی داخستنی ژمارەیەک پرد لە شاری ناسرییە ناوەندی پارێزگای زیقار لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە، دەوامی فەرمی کرا بە پشوو. لەو بارەیەوە چالاکوانێکی خۆپیشاندانەکانی ناسرییە ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەران ژمارەیەک پردیان لە ناوەڕاستی ناسرییە داخستووە کە بە هۆیەوە فەرمانبەران نەیانتوانیوە بچنە سەر کارەکانیان و گەڕاونەتەوە ماڵەوە. چالاکوانەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە دوێنێ دەوامی فەرمی لە ناسرییە کرایەوە پشوو.

خۆپیشاندەران رێگەی نێوان پارێزگای زیقار و بەغدا داخست

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند، کە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانی کەربەلادا ڕوویداوە و لە لایەکی دیکەوە خۆپیشاندەران ئەو ڕێگە سەرەکییەیان داخستووە کە دەچن بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی نەجەف. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەربەلا لە لێدوانێکدا باسی لەوە کردووە کە لە ناوەڕاستی شاری کەربەلا ڕووبەڕووبوونەوە



ئەمڕۆ دادگای فیدراڵی بڕیاری کۆتایی لەبارەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەدات

سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ:

بەنەمانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەسەڵات بۆتە مەرکەزی

ڕاگەیاند، دوای بڕیاری پەرلەمانی عێراق بۆ سڕکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، وەک ئەنجوومەن سکاڵامان تۆمارکردووە، بڕیاریشە ئەمڕۆ دووشەمە دادگای باڵای فیدراڵی کۆبوونەوەی لەسەر بکات، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵیش رایدەگەیەنێت، بەنەمانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەسەڵات بۆتە مەرکەزی.

سەیدۆ چەتۆ، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی دوای بڕیاری پەرلەمانی عێراق بۆ سڕکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، بڕیارە ئەمڕۆ دووشەمە دادگای باڵای فیدراڵی کۆبوونەوەی لەسەر بکات، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵیش رایدەگەیەنێت، بەنەمانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەسەڵات بۆتە مەرکەزی.

سەیدۆ چەتۆ، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، دوای بڕیاری پەرلەمانی عێراق بۆ سڕکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، وەک ئەنجوومەن سکاڵامان تۆمارکردووە، بڕیاریشە ئەمڕۆ دووشەمە دادگای باڵای فیدراڵی کۆبوونەوەی لەسەر بکات کە ئایە ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەردەوام نەبێت، ئەگەر دادگا بەپێی یاسا بڕیار بدات بەردەوام دەبێت بەپێچەوانەوە کارەکان بەوشێوەیە دەمێنێتەوە، بەڵام ڕەنگە دوا بکەوێت، چونکە دادگا نایەوێت هیچ بڕیارێکی لەسەر بدات.

چەتۆ گوتیشی، تا ئێستاش دەوامی خۆمان دەکەین و لەکاری خۆمان بەردەوامین، بەڵام ناتوانین هیچ بڕیارێک بدەین و چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەین. سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ باسی لەوەشکرد، نوێنەرانی مووسڵ لە پەرلەمانی عێراق چاودێری بارودۆخەکە دەکەن، بەڵام پارێزگار بۆ خۆی بڕیار دەدات و هیچ پرس بەو نوێنەرانە ناکات، بۆیە بێ ئەنجوومەنی پارێزگا کاریگەریی زۆری دەبێت و دەسەڵات دەبێتە مەرکەزی.

لە ناوەڕاستی بەغدا ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران ڕوویدا

ئاستی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان فراوانتر دەبن

لە شارەکانی باشووری عێراق خۆپیشاندەران ڕێگە سەرەکییەکانیان داخست و فەرمانگە گشتییەکانیشان گەمارۆ دا



خۆپیشاندەرانی عێراق بەر لە کۆتاییهاتنی ئەو مۆڵەتەی کە بەئامانجی دەستنیشانکردنی کەسێکی سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت پێشکەش بە حکوومەتی کاربەڕێکەر و پارتە دەسەڵاتدارەکانیان کردووە، ئاستی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیان دژبە حکوومەت فراوانتر کرد. خۆپیشاندەران تا ئەمڕۆ دووشەمە و مۆڵەتیان داوە بە حکوومەتی کاربەڕێکەر و پارتە دەسەڵاتدارەکان تا کەسێکی سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دەست نیشان بکەن، هەروەها بکوژانی چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان سزا بدەن.

ژمارەیەکی زۆر قوتابی ڕووبان لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا کرد

پێشتر چالاکوانان، یەکێتییەکانی قوتابیان و سەندیکاکان داوایان لە خۆپیشاندەران کردبوو کە ئاستی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیان فراوانتر بکەن جێبەجێ بکرێن. لەوبارەوە ژمارەیەکی زۆری قوتابی بەدەم ئەو داوایە چوون وەک پاڵپشتیکردن لە خۆپیشاندەران ڕووبان لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا کرد. لە لایەکی دیکەوە شایەتحاڵەکان بە ئاژانسەکانی هەواڵیان ڕاگەیاندووە کە شەوی یەکشەمە، خۆپیشاندەران بارەگای حزبوڵڵا عێراقیان لە نزیک پردی ئیسکان لە شاری نەجەف سووتاندووە. بەیانی دوێنێ یەکشەمەش لە شار و شارۆچکەکانی باشووری عێراق، خۆپیشاندەران ڕێگە سەرەکییەکانیان داخست و فەرمانگە گشتییەکانیان گەمارۆداوە.

لە ناوەڕاستی بەغدا ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان ڕوویدا

پەیامنێرێکی ئاژانسی ئانادۆلوش ڕایگەیاندووە کە خۆپیشاندەر بریندار بوون. هەروەها ئەفسەر لە پۆلیسی نەجەف، ملازم سەمێح هیلالی ڕایگەیاند، خۆپیشاندەران ئەو ڕێگە سەرەکییەیان داخستووە کە دەچن بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی نەجەف. هاوکات سێ شایەتحاڵ بە میدیاکانیان ڕاگەیاندووە کە خۆپیشاندەرانی قەزای شەترە باکووری پارێزگای زیقار ڕێگەی نێوان پارێزگاکە و بەغدایان داخستووە.

ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا داوای نەهێشتنی تۆندوتیژیان لە خۆپیشاندەران کرد

لە کاردانەوەیەکیشدا فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا لە ڕاگەیاندراوێکدا داوای لە خۆپیشاندەران کرد کە ئاشتیانە داخوازییەکانیان دەربڕن و ئاگاداری کرد کە هێزەکانیان دان بەخۆداگرن، بەڵام چەند گرووپێک هەن بۆمبی دەنگی و بۆمبی مۆلۆتۆف بەکاردێنن لە دژی هێزەکانیان، لەمبارەیەوە داوایان لە خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز کردووە یارمەتی هێزە ئاسایشییەکان بدەن بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانە و ڕێگرتن لەو گرووپانەی تۆندوتیژی دەنێنەوە. جێی باسە بەپێی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، 504 کەس کوژراون و زیاتر لە 17 هەزار کەس لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندار بوون.

بەهۆی گەندەڵی و بوونی پەیوەندیی بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە

پێنج سەرکردەی ناسراوی عێراق دەخرێنە ناو لیستی ڕەشی ئەمەریکا

بەپێی زانیارییەکان، ئەو سەرکردە عێراقییانە بە تۆمەتی لادان لە بنەما دیموکراتییەکان، تێکدانی سەقامگیری، پێشێلکاریی بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ، گەندەڵی و بوونی پەیوەندیی بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، دەخرێنە ناو لیستی سزاکانی ئەمەریکا. زانیارییە میدیاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەمەریکا ناوی سەرکردەکانی خستووەتە ناو لیستی ڕەش و بە نیازە سزایان بەسەردا بسەپێنێت. ئەو سەرکردانەی سزاکانیش دەیانگرێتەوە (زانیاری میدیایی) ئەمانەن:

– نوری مالیکیی سەرۆکی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا، فالح فەیازی سەرۆکی دەستەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، هادی عامریی سەرۆکی میلیشیای بەدر و سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح "هاوپەیمانیی حەشدی شەعبی لە پەرلەمانی عێراق"، حاکم زاملیی سەرکردە لە میلیشیای سوپای مەهدیی سەر بە ڕەوتی سەدر، شبل زەیدیی ئەمیندارای میلیشیای کەتیبەکانی ئیمام عەلی.

بەڵام چەند گرووپێک هەن بۆمبی دەنگی و بۆمبی مۆلۆتۆف بەکاردێنن لە دژی هێزەکانیان، لەمبارەیەوە داوایان لە خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز کردووە یارمەتی هێزە ئاسایشییەکان بدەن بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانە و ڕێگرتن لەو گرووپانەی تۆندوتیژی دەنێنەوە. جێی باسە بەپێی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، 504 کەس کوژراون و زیاتر لە 17 هەزار کەس لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندار بوون.

چەند بیرەوەرییەک بۆ 5هەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ئەحمەد سەلام «شاعیر و چیرۆکنووس»



ساسان دەرویش- هۆڵەندا

پێنج ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ 20ی کانوونی دووەمی 2015 لە بەیانییەکی زووادا هێشتا خۆر پێڵوی تیشکی چاوەکانی پەخشی شار نەکردبوو، ڕەشەبای مەرگ لەناکاو لە دەرگای کۆچی مامۆستا ئەحمەد سەلام سەعیدی شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووسی دا و لەگەڵ خۆیدا بردی و دڵە گەورەکەی وەستاند کە پڕ بوو لە ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان و شەکانەوەی ئالای کوردستان لە ئاسمانی دەوڵەتێکی کوردیدا، بەڵام بیری جوان و کردار و بەرهەمەکانی بۆ هەمیشە لەناوماندا ماوەتەوە و یادی بەرز ڕادەگرین لە خامەیەکی بەپیز و پاک و بێگەرد بۆ وەکو ئەمڕۆ 20ی کانوونی دووەمی 2015 لە بەیانییەکی زووادا هێشتا خۆر پێڵوی تیشکی چاوەکانی پەخشی شار نەکردبوو، ڕەشەبای مەرگ لەناکاو لە دەرگای کۆچی مامۆستا ئەحمەد سەلام سەعیدی شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووسی دا و لەگەڵ خۆیدا بردی و دڵە گەورەکەی وەستاند کە پڕ بوو لە ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان و شەکانەوەی ئالای کوردستان لە ئاسمانی دەوڵەتێکی کوردیدا، بەڵام بیری جوان و کردار و بەرهەمەکانی بۆ هەمیشە لەناوماندا ماوەتەوە و یادی بەرز ڕادەگرین لە خامەیەکی بەپیز و پاک و بێگەرد بۆ

ئەدەبی کوردی و خەرمانێک لە بەرهەم و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و دەروێشێکی ڕێبازی کوردایەتی و هەڵگری ڕێبازی پیرۆزی بارزانی و پارتی سەرمەشقی جوانی ئەم پیاوە سادە و ساکارەی نێو وشەی کوردی بوو کە هەمیشە شانازی پێوە بکەین، من بۆخۆم شەرەفی ئەوەم پێبەخشرا لەنزیکەوە لەژێر ڕێنمایی ئەم مامۆستا بەخشندەیە مامۆستا ئەحمەد سەلام و مامۆستا زاهیر سەوز لە دوای سەرلەنوێ دەرچوونەوەی ڕۆژنامەکانی پارتی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و دامەزراندنی نووسینگەی ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات لە ساڵی 1993 لە تەلاری دەبۆکەی سلێمانی کاری ڕۆژنامەوانی بکەم لەگەڵ هاوپیشەکانمان هۆشیار جاف و ڕێبوار ئیدریس و هاوژین حەمەڕەشید، لە هێمنی و کرداری ڕۆژانەی و هەڵسوکەوتی لەگەڵمان وانەی جوان فێربووین کە بوونە بنەمای بڕواپوونمان بە خۆمان و بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگییەکان کە کاری ڕۆژنامەوانی لەوکات و ساتانەدا زۆر زەحمەت بوو لە چاو ئەمڕۆی سەردەمی تەکنەلۆژیا و ئاسانکاری و بچووکبوونەوەی دنیا لە گوندێکی بچووکی میدیادا، بەداخەوە شەڕی نەگریسی ناوخۆ و هەوری ڕەشی ئەم قوتابخانە جوانەی لەباربرد و سەرئەنجام تالانکراو و ئێمەش ئاوارەبووین بۆ هەڵەبجە و دواتر بۆ پیرمام، ئەم لانە جوانەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد لە نووسینگەی خەبات و برایەتی کۆکەرەوەی هەموو تۆپژەکان بوون کە ئێوارانە لە گۆێبیستی وتە جوانەکانیان و گفتوگۆکانیان لە ئەدەب و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و براەرایەتی بیر و هۆشمانی دەوڵەمەند دەکرد و ئاشنابوویین بە مێژووی کەڵەکەبووی خەڵکی شار و بەرهەم و کردارەکانیان، هەر لەم شوێنە پیرۆزەشەوە بەندە و هۆشیار جاف و مامۆستا ئەحمەد سەلام لەلایەن خوالێخۆشبێت فەلەکەدین کاکەیی بانگهێشتی کۆنگرەی 90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر لە پیرمام کراین کە لە 14-1993/9/17ی خایاند بەسەرپەرشتی سەرۆک مەسعود بارزانی و ئامادەبوونی چەندین کەسایەتیی ناسراوی کورد و عەرەب، کە تێیدا من و هاوڕێیان و دۆستەکانی و گەلەکەی تۆمار کرد کە هەموو جوانی خۆی لە پێنووس و کاغەز و نووسین بەڕێکرد، وێڕای نالەباری گوزارانی ژیان و سەختییەکانی و لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بەئومێدەوە دەیڕوانییە پاشەڕۆژی نەتەوەکەی بە شیعر و چیرۆک و نووسین وەرگێڕان گوزارشتی لە ناسنامەی نەتەوەکەی دەکرد، بەداخەوە بەهۆی چوونم بۆ هەندەران لە ساڵی 1996 لەم کەسە نزیکەم دابڕام، بەڵام لە دوای هەر گەڕانەوەیەکم بۆ نیشتمان بێ سەردانیکردن و دیداری مامۆستا نەگەڕاومەتەوە ئەویش بەیاوەری ڕۆژنامەنووسی گەنج زانیار سەردار قرگەیی لە ئەحمەد سەلام میژوویەکی جوانی بۆ خۆی و نەوەکانی و هاوڕێیان و دۆستەکانی و گەلەکەی تۆمار کرد کە هەموو جوانی خۆی لە پێنووس و کاغەز و نووسین بەڕێکرد، وێڕای نالەباری گوزارانی ژیان و سەختییەکانی و لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بەئومێدەوە دەیڕوانییە پاشەڕۆژی نەتەوەکەی بە شیعر و چیرۆک و نووسین وەرگێڕان گوزارشتی لە ناسنامەی نەتەوەکەی دەکرد، بەداخەوە بەهۆی چوونم بۆ هەندەران لە ساڵی 1996 لەم کەسە نزیکەم دابڕام، بەڵام لە دوای هەر گەڕانەوەیەکم بۆ نیشتمان بێ سەردانیکردن و دیداری مامۆستا نەگەڕاومەتەوە ئەویش بەیاوەری ڕۆژنامەنووسی گەنج زانیار سەردار قرگەیی لە چایخانەی شەعب دەمان دی وڵەگەڵ قسەخۆشەکانی وبیرەوەریەکانی چایەکمان لەگەڵ دەخواردەوا و ئەو ڕۆژم لەگەڵ ئەو تێدەپەڕاند، لە هەمان چایخانە دەفتەرێک هەیە بە ناوی کەشکۆڵی شەعب کە زۆرینەی کەسایەتیی ناسراوی شار و کوردستان تێیدا بەدەستوخەت گوزارشتیان لەم چایخانەیە کردووە و مامۆستا ئەحمەد سەلامیش بە هەمان شێوەش نووسراوێکی هەیە لە 2008/2/2 و دەڵێت: بۆ هەموو ئەوانەی وەک من خولیای ئەم چایخانەیە گرتوونی، کاتی ڕۆژانەی خۆیانی تیابەسەر دەبەن، ڕاستییەکەی چایخانەی شەعب بووەتە هەوارگەی کوردانی شار بە هەموو وتوێژ و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییانەوە، ئیتر ئەتوانم بڵێم شوێنێکی ئازیزە لای هەموانەوە، وەک بەشێکی مالەوەی لێهاتووە، بە لای هەمووانەوە، هەروەها مامۆستا ئەحمەد لە دێژەی نووسینەکەشی دەڵێت: من بەشبەحاڵی خۆم ئێرە بووەتە بەشێک لە ڕەوانەوەی خولیای ڕۆژانەم، چونکە لێرەدا بە بینینی زۆر دۆست و هاوڕێ گەلێ لە خەمانی ڕۆژنامەوانانی تیا بەبا دەدەین، دیارە ئەمە وەک بۆمن وایە بۆ هەموو ئەوانی تریش هەر وەهایە، ئیتر ئومێدەوارم ئەم شوێنە وەک هەوارگەیەکی پیرۆزی ئەم شارە لە گەشەکردن و بەرەودان دابێت هەڵسووڕێنەرانیشی تەمەندرێژ بن.

بەشێک لە وێستگەکانی ژیانی ئەحمەد سەلام

مامۆستا ئەحمەد سەلام سەعید، لە ساڵی 1941 لە گەڕەکی کانیسکان لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، بەڵام قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە لە ساڵی 1964-1965 کۆلێژی ئاداب- بەشی کوردی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، پاشان لەنێوان ساڵانی 1967-1990 لە شاری سلێمانی مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە ناوەندییەکان بووە و لە ساڵی 1990دا خانەنشین بووە، لە ساڵی 1993 لە دامەزراندنی نووسینگەی سلێمانی ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات لەگەل زاهیر سەوز بەرپرس بوون، لە ناوەڕاستی سالانی شەستەکاندا، دەستی داوەتە نووسین و بابەتی لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیشدا بەشداری کردووە و ڕۆلێکی بەرچاوی گێڕاوە لە سەرەتای سالانی حەفتاکان بەدواوە بووەتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەداخەوە لە 20ی کانوونی دووەم 2015 لە کاتژمێر 8ی سەرلەبەیانی دڵە گەورەکەی بۆ هیجگاری لەلێدان کەوت و مالئاوایی لێکردین و بە خاکی پیرۆزی کوردستان لە شاری سلێمانی سپێردرا.

نەجەف... خۆپیشاندەران نووسینگەی سەرۆکی فراکسیۆنی نەسر و بارەگای حزبوڵڵایان سووتاند



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

سەرەڕای هەڕەشەی هێزە شیعیە دەسەڵاتدارەکانی عێراق و داواکاری موقتەدا سەدر بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانی گەورە لە هەینی داهاتوو بە مەبەستی داواکاری دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، بەڵام دوێنێ خۆپیشاندەرانی بەغدا و پارێزگاکانی عێراق ئاستی خۆپیشاندان و داواکارییەکانیان بەرزکردەوە و زۆربەی کۆلێژ و قوتابخانە و بەشێک لە فەرمانگە حکومییەکان مانگرتنیان ڕاگەیاند و دەوامیان نەکرد و لە شاری نەجەفیش خۆپیشاندەران هەموو ڕێگە سەرەکییەکانی چوونە دەرەوەی شارەکەیان داخست و بارەگایەکی حزبوڵڵاشیان سووتاند، هەروەها خۆپیشاندەران ژمارەیان زیاتر دەبینرا لە زۆربەی ئەو گۆڕەپان و شوێنانەی کۆبوونەوەی خۆپیشاندەرانی تێدایە، ئەم بەرزبوونەوەی ئاستی داواکاری و ژمارەی خۆپیشاندەرانی عێراق دوای هەڕەشەی گرووپە چەکدارە شیعیەکانی عێراق بۆ بڵاوپێکردنی خۆپیشاندەران و کۆتاییپێهێنانی خۆپیشاندانەکان و داواکاری موقتەدا سەدر بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان دژی هێزەکانی ئەمەریکا ناو خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریریاندا و ژمارەیەک خۆپیشاندەر بریندار بوون، هەر دوێنێ خۆپیشاندەران تەئکیدیان کردەوە کە لە ماوەی 48 کاتژمێری داهاتوودا ئەگەر کەسێک بە خواستی خۆپیشاندەران وەک سەرەک وەزیرانی عێراق ڕانەسپێردرێت ئەوا خۆپیشاندانی سەرتاسەری ئەنجام دەدرێت.

لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا پێنج چالاکی مەدەنی لە عێراقدا کوژراون و ڕفێندراون

تەمپ باس لە کۆتا ساتەکانی هێرشی کوشتنی قاسم سولەیمانی دەکات



سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەران ئاگریان لە نووسینگەی سەرۆکی فراکسیۆنی نەسر لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، عەدنان زەرەفی لە قەزای کوفە باکووری پارێزگای نەجەف بەرداوە. سەرچاوەکە کە ئەفسەرە لە پۆلیسی نەجەف بە پلەی ملازم ڕایگەیاندووە: دەیان خۆپیشاندەر هەڵیانکوتایە سەر نووسینگەی عەدنان زەرەفی لە قەزای کوفە و ئاگریان تێبەردراوە. بەگوتەی سەرچاوەکە، تیمەکانی بەرگری شارستانیی توانیویانە ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن کە بەهۆیەوە زۆربەی کەلوپەلی ناو نووسینگەکە سووتاوە. فراکسیۆنی نەسربەسەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی سێیەم گەورە فراکسیۆنە لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەو پێیەی لە کۆی 329 کورسی خاوەن42 کورسییە. ئەمەیش دوای ئەوە دێت کە شەوی یەکشەمە، خۆپیشاندەران ئاگریان لە بارەگای حزبوڵڵای عێراق لە نزیک پردی ئیسکان لە شاری نەجەف بەردابوو. دوێنێ خۆپیشاندەرانی عێراق بەر لە کۆتاییهاتنی ئەو مۆڵەتەی کە بەئامانجی دەستنیشانکردنی کەسێکی سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دەستنیشان بکەن، هەروەها بکۆژانی چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان سزا بدەن.

پەرلەمانتارێکی هاوپەیمانییەکەی موقتەدا:

نامانەوێ دۆستایەتیی ئەمەریکا لەدەست بدەین

ئەندامێکی هاوپەیمانیی سائیرون، کە موقتەدا سەدر ڕێبەرایەتی دەکات، ڕایدەگەیەنێت، نایانەوێ دۆستایەتیی ئەمەریکا لەدەست بدەن. ریاز مەسعودی، پەرلەمانتاری سائرون ڕایگەیاندووە، ئەمەریکا خۆی نایەوێ هێزەکانی بەبێ ڕەزامەندیی عێراق، لەسەر خاکی عێراق بمێنێتەوە.

ریاز مەسعودی هەروەها ڕایگەیاندووە، وڵاتەکەی نایەوێ ببێتە گۆڕەپانی هێرشکردنە سەر هیچ وڵاتێک و ناشیەوێ دۆستایەتی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و هیچ وڵاتێک بپچڕێنێت. ئەو پەرلەمانتارە بەرگریی لە بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق کردووە و ڕایگەیاندووە، مانەوەی هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراق مەترسیی لەسەر بڕیاری سیاسیی عێراق دروست دەکات.



تۆمارە دەنگییەکەدا باس لەوە دەکات کە چۆن چاودێری ئۆتۆمبێلەکەی سولەیمانییان کردووە و دەشڵێت فەرماندەکانی سوپا سەرەتا وردەکارییەکانی هێرشەکەیان لەگەڵی باس کردووە.

دۆناڵد ترەمپ لە بارەی کۆتا ساتەکانی هێرشەکەشەوە گوتەی فەرماندەکانی وەبیرهێناوەتەوە کە گوتوویانە "هەردووکیان پێکەوەن، دوو خولەک و 11 چرکە ماوە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکە. تەنها یەک خولەک ماوە، 30 چرکە ماوە، دە، نۆ، هەشت..."

سەرۆکی ئەمەریکا باس لەوەش دەکات، کاتێک فەرماندەکان لە ژماردن بوونەتەوە گوتوویانە "بووووم، گەورەم لەناوچوو" ئەویش لێی پرسیون کوا ئەو پیاوە؟ سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ئەوەیشی ئاشکراکردووە کە لەپێی فرۆکەی بێفرۆکەوانەوە چاودێری شوێنی هێرشەکەیان کردووە.

جێی باسە شەوی دوو لەسەر سێی ئەم مانگە فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە نزیک فرۆکەخانەی بەغدا و لە هێرشێکی ئەمەریکادا کوژران. لە تۆڵەی ئەم هێرشەشدا، هەشتی مانگ ئێران ژمارەیەک مووشەکی ئاراستەی بنکەی ئاسمانی عێن ئەسەد لە سنووری پارێزگای ئەنبار ڕۆژئاوای عێراق کرد.

پلانی ستراتیژیی گەشتوگوزاری ساڵی 2020 ڕاگەیەندرا

هەوڵی زیادکردنی ڕێژەی گەشتیاران دەدرێت و هەڵی کاریش بۆ دەرچوونی گەشتوگوزار دەدۆزرێتەوە



بە سەرپەرشتی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە شاری هەولێر مەراسیمی ڕاگەیاندنی پلانی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، کە دەستەی گەشتوگوزار بۆ خستنەڕووی پلانی ئەمسالّیان بۆ بایەخدان بە کەرتی گەشتوگوزار مەراسیمەکەیان ڕێکخست بوو.

سەرەتای مەراسیمەکە مەولەوی جەبار سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار باسی لە پلانی ستراتیژیی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان کرد کە دەستەکەیان دەیەوێت بۆ ئەمسالّ بایەخێکی زۆرتر بەو کەرتە بدات، هەروەها لە ڕێگەی داتاشۆوە پلانەکەی بۆ ئامادەبووان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن خستەڕوو. هەروەها کەیفی عەلی بەڕێوەبەری گشتیی شوێنەوار باسی لە پلانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان کرد بە مەبەستی پەرەپێدانی زیاتر بە کەرتی شوێنەواری هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی 2020 بەوەی لە بەرنامەیاندایە بە زیادکردنی شوێنە شوێنەوارییەکان و پاراستنی شوێنەوارەکان و هەروەها کردنەوەی خول و ڕاهێنان و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان، پەرە بەو کەرتە گرنگە بدەن.

لە بەشێکی دیکەی پلانەکە تەوەرێکی تایبەت بە جەژنی نەورۆزیش خرایەڕوو، بەوەی دەستەی گەشتوگوزار بەشێوەیەکی دیکە بایەخ بەو جەژنە دەدات بۆ ئەوەی زۆرترین گەشتیار بەهۆی ئەو جەژنەوە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، هاوکات تەوەرێکی دیکەی پلانەکەش گەشتیاریی گوندەکان بوو، دەستەی گەشتوگوزار بۆ ساڵی 2020 پەرەی زیاتر بە کەرتی گەشتیاریی گوندەکان دەدات لە وەرزە جیاوازەکانی ساڵدا، بەهۆی ئەوەی گوندەکانی هەرێمی کوردستان سەرنجڕاکێشن و دەکرێت سوودی زیاتر بە کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان بگەیەنن بە چالاکی و کردنەوەی شوێنی گەشتیاری، لە تەک کەرتی گەشتوگوزار لە هاوینەهەوار و ناو شارەکان. هاوکات ئاماژە بە دۆزینەوەی هەڵی کار بۆ دەرچوونی گەشتوگوزار کرا کە دەستەی گەشتوگوزار دەیەوێت دەرفەتی کار بۆ دەرچوونی گەشتوگوزار بدۆزێتەوە بۆ پەرەپێدانی زیاتر بەو کەرتە و دۆزینەوەی هەڵی کار لە شوێنە گەشتیارییەکان بۆ ئەو بەشانەی زانکۆ و پەیمانگەکان کە تایبەتن بە کەرتی گەشتوگوزارەوە.



دەزگایەکی ڕاپرسی: هەدەپە بەربەستی هەڵبژاردن دەشکێنێت و مەهەپە و پارتی باشیش ناچنە پەرلەمانەوە

دەزگایەکی ڕاپرسی لە تورکیا، ئاشکرای دەکات کە ئەگەر لە تورکیا هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام بدرێت، تەنیا سێ پارتی سیاسی لە تورکیا دەتوانن بەربەست بشکێنن و ئەوانیتر دەکەونە خوار بەربەستی هەڵبژاردن، کە هەدەپە یەکێکە لەو پارتانەیە بەربەست دەشکێنێت. دەزگای ڕاپرسی (مەترۆپوول) کە دەزگایەکی گەورەیە و بەردەوام ڕاپرسییەکانی جێی باسی میدیاکانی تورکیایە، لە چەندین شاری تورکیا ڕاپرسیی ئەنجام داوە و لە هاوولاتیانی پرسیوە ئەگەر بەیانی هەڵبژاردن بکرێت دەنگ بە کێ دەدەن؟

ئەنجامی ڕاپرسییەکە بەم شێوەیە بووە: ئاکەپە41% جەهەپە 25% هەدەپە 11%. هەریەک لە پارتەکانی "مەهەپە و پارتی باش"یش نەیانتوانیوە بەربەست بشکێنن و دەنگەکانیان لە دەوروبەری 9% بووە.

بەهۆی دەستوەردانی سەربازیی لە کاروباری ڕۆژئاوای کوردستان و سووریاوە

یەکێتیی ئەورووپا 75٪ی هاوکارییە داراییەکانی بۆ تورکیا کەم دەکاتەوە



یەکێتیی ئەورووپا هاوکارییە داراییەکانی بۆ تورکیا کەم دەکاتەوە و دەزگایەکی میدیایی ئەڵمانیش هۆکارەکەی ئاشکرا دەکات. دەزگای میدیایی (فونکێ مێدیەنگروپ)ی ئەڵمانی دوێنێ یەکشەممە 2020/1/19 بڵاوی کردووەتەوە، کە جۆزێف بۆرل، نێردەی یەکێتیی ئەورووپا بۆ کاروباری دەرەوە و سیاسەتی ئەمنی نامەیەکی بۆ پەرلەمانی یەکێتییەکە ناردووە.

بەپێی ناوەڕۆکی نامەکە، یەکێتیی ئەورووپا لەبەر دوو هۆکار بڕیاری بڕینی 75%ی هاوکارییە داراییەکانی بۆ تورکیا داوە، هۆکارەکان بریتین لە؛ گەڕان بەدوای نەوت و گازی سروشتی لە دەریای ناوەڕاست و دەستوەردانی سەربازیی لە کاروباری ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا.

لە یەک هەفتەدا حەوت سەربازی تورکیا لە ڕۆژئاوا کوژراون

نووسەرێکی تورک: حکوومەتی تورکیا بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئاوارە سووریییەکانی هێشتووەتەوە



لە ماوەی یەک هەفتەدا، حەوت سەربازی تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستان کوژراون و بەشێکی زۆری نووسەر و نەژادپەرستەکانی تورکیاش، دژی بوونی ئاوارەی سووریین لە تورکیا و دەڵێن ئەوان لە تورکیا مندالّیان دەبێت، بەڵام سەربازی تورک لە سووریا دەکوژرێت و مندالّی تورک بێ دایک و بێ باوک دەمێنێنەوە.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا، لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئاشکرای کرد، لە ماوەی 8 ساڵدا زیاتر لە یەک ملیۆن مندالّی سووری لە تورکیا لەدایک بوون.

ڕۆژنامەی (سۆزجو)ی تورکی بڵاوی کردووەتەوە، لە ڕۆژێکدا بە شێوەیەکی گشتی 395 مندالّی سووری لەدایک دەبن، ئەمەش بە مەترسی بۆ دواڕۆژی تورکیا وەسف کردووە. چەند ساڵدا لە تەواوی تورکیادا 516 هەزار مندالّی سووری لەدایک بوونە، بەڵام سەنتەری لێکۆڵینەوەی کۆچ لە تورکیا ئاماژەی داوە، کە لە ماوەی 8 ساڵدا زیاتر لە یەک ملیۆن مندالّی سووری لە تورکیا لەدایک بوون.

ڕۆژنامەی (سۆزجو)ی تورکی بڵاوی کردووەتەوە، لە ڕۆژێکدا بە شێوەیەکی گشتی 395 مندالّی سووری لەدایک دەبن، ئەمەش بە مەترسی بۆ دواڕۆژی تورکیا وەسف کردووە. چەند میدیایەکی تورکیاش بڵاویان کردووەتەوە لەبەر بوونی ئاوارەیەکی زۆری سووری، نەخۆشخانە لە هیچ شارێکی تورکیا بەرناکەوێت و وای لێهاتووە تا ئاوارە سووریەکان هەبێت، هاوولاتیی تورکی جێگەی نابێتەوە لە نەخۆشخانەکان.

یلماز ئۆزدیل، نووسەری دیاری تورکیا، لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی (سۆزجو) بڵاوی کردووەتەوە، پێی وایە عەیبەیەکی گەورەیە بۆ تورکیا، کە لە ماوەی یەک هەفتەدا حەوت سەربازی تورکیا لە سووریا بکوژرێت، کەچی لە تورکیاش ڕۆژانە سەدان مندالّی سووری بێتە دنیاوە و دایک و باوکی خۆیان بە تەنیشتیانەوە بن، بەڵام مندالّی تورک باوکیان لە سووریا بکوژرێت.

زۆرێک لە نووسەرە نەژادپەرستەکانی تورکیا، کە یلماز ئۆزدیلیش یەکێکە لەوان، پێیان وایە حکوومەتی تورکیا بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئاوارە سووریەکانی هێشتووەتەوە، ئەگەرنا ئەوان بوونەتە بارگرانی بەسەر تورکیاوە و پێویستە بە زۆر بنێردرێنەوە.

لە تورکیا 4 ملیۆن و400 هەزار کەس بێکارە، بەڵام زۆربەی ئاوارە سووریەکان خەریکی کاری خۆیانن و بێ کار نین، ئەمەش تورکەکانی تووڕە کردووە بەوەی بەهۆی بوونی ئەوانەوە، کرێکاری تورک بێ کار ماوەتەوە.

خراپیی ڕەوشی ئابووریی تورکیا وای کردووە، بەشێکی زۆری هاوولاتیانی تورکیا داوای گەڕانەوەی ئاوارە سووریەکان بکەن، بەڵام حکوومەت هیچ پلانێکی بۆ گەڕانەوەیان نییە، بەڵکوو وەکوو ئەوەی میدیاکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆن باسی دەکەن، حکوومەتی ئاکەپە بەنیازە ناسنامەی تورکیایان پێ بدات، چونکە ئاوارە سووریەکان هەموویان سەر بە ئاکەپەن و ئەگەر ناسنامەی تورکیا وەربگرن، لە هەڵبژاردنەکاندا ئاکەپە سوودمەندی یەکەم دەبێت.

ئەم پرسانە لە کاتێکدان کە ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا جارێکی دیکە هەڕەشەی هێرش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریای کردووە.



گوتەبێژی سوپای نیشتمانیی لیبیا:

لە دەریای ناوەڕاست کۆتایی بە سەربازی تورکیا دەهێنین

گوتەبێژی سوپای نەتەوەیی لیبیا کە سەر بە خەلیفە حەفتەرن، بەهۆی ئەو گرێبەستەی کە لەگەڵ حکوومەتی "فەیاز سەراج"دا لەبارەی دەریای سپیی ناوەڕاست ئەنجامیان داوە، هەڕەشەی توند لە تورکیا دەکات و دەڵێت لەوێ کۆتایی بە سەربازی تورکیا دەهێنن. ئەحمەد میسماری، گوتەبێژی سوپای نەتەوەیی لیبیا، بە تۆندی دەستێوەردانی تورکیا لە لیبیا ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت گەلی لیبیا نایانەوێت سوپای تورکیا لە خاکەکەیان بێت.

ئەو لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی سکاینیوز، ئاماژە دەدات کە لە دەریای تەرابلووس و دەریای سپیی ناوەڕاستدا کۆتایی بە سەربازی تورکیا دەهێنن. میسماری ئاماژەی بەوەش کردووە ڕێککەوتنی تورکیا و لیبیا لەبارەی دەریای سپیی ناوەڕاست کە دەیانەوێ نەوت و گازی لێ دەربهێنن دژی سەروەری لیبیایە، بۆیە دەبێت ئەو ڕێککەوتنە کۆتایی پێ بێت و ڕێگاکانی دەریای سپیی ناوەڕاست دابخرێت.

ئەو دەڵێت: کاتی خۆی گەلی لیبیا بوو کە گەرووی دەریای سپی ناوەڕاستی داخست، بۆیە تورکیا و سەراج بۆیان نییە بیکەنەوە و گرێبەستی نەوت و گاز ئەنجام بدەن. کۆتایی سەربازی تورکیا لەو دەریایە دەبێت و بە تۆندی دژیان دەوەستینەوە.

فەڕەنسا.. لێکۆڵینەوە لەو ڕۆژنامەنووسە دەکرێت کە شۆێنی ماکرۆنی بڵاوکردەوە

لە فەڕەنسا لێکۆڵینەوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس تەها بوحەفس دەستپێکرد کە لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە لەو هۆڵی شانۆیەی سەرکۆماری ئەو وڵاتە، ئیمانوێل ماکرۆنی لێبووە. لەو هەواڵانەی لە میدیای فەڕەنسیدا بڵاوکراونەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە بوحەفس بەهۆی بڵاوکردنەوەیەکی لەنێو ئەو هۆڵی شانۆیەی لە پاریس ماکرۆنی لێبوو ڕۆژی شەممە دەستگیرکراوە و براوەتە بەردەم دادوەر و پاشان ئازاد کراوە. داواکاری گشتیی پاریس، لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەو بڵاوکراوەی بوحەفس کردووەتەوە.

بوحەفس ئێوارەی ڕۆژی هەینی لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بڵاوکراوەیەکی لەبارەی بوونی ماکرۆن لە هۆڵی شانۆیەک بڵاوکردەوە لەبەرئەوە ڕۆژی شەممە دەستگیرکرا. پاش ئەو بڵاوکردنەوەیەی بوحەفس دەیان خۆپیشاندەر لەبەردەم هۆڵی شانۆیەکە گردبوونەوە. خۆپیشاندەران پرۆتێستۆی چاکسازی خانەنشینیان کرد و هوتافیان دژبە ماکرۆن کێشا و هەوڵیاندا بچنە هۆڵی شانۆیەکەوە، بەڵام پۆلیس ڕێگر لێکردن. دواتر ماکرۆن لەگەڵ بریگیت ماکرۆنی هاوسەری بە یاوەری هێزە ئەمنییەکان هۆڵی شانۆکەی جێهێشت.

جێی باسە لەو کاتەی ماکرۆن لە هۆڵی شانۆکەدا بوو، بوحەفس لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تەلەفزیۆنێکی ئێرە دەکرێن. ئامادەکاری دەکرێت. ڕەنگە ئەم ئێوارە پرچوولّە تێپەڕێت".

هەولێر.. بەئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر

بەڕێوەبەری نوێی پۆلیسی هەولێر دەستبەکاربوو



دوێنێ 2020.1.19 لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران و جێگری پارێزگار و قایمقامی قەزای ناوەندی و بەرپرسانی ئیداری و ئەفسەرانی پۆلیسی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر، عەمید دلێر نجات یاسین نەجارِ وەکو بەڕێوەبەری نوێی پۆلیسی هەولێر دەستبەکاربوو. لەسەرتای ڕێوڕەسمەکەدا د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر، لە وتەیەکدا ئاماژەی بە ڕۆڵی لیوا عەبدولخالق تەلەعەت بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی هەولێر کرد و وتی: ئەمڕۆ خۆشحاڵ و سەربەرزین لە مەراسیمی ئاڵگۆڕی پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بەشدار دەبین و سوپاس بۆ ئامادەبوونی هەموو لایەکتان، ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری حاڵەتێکی سروشتییە لەپێناو ئەوەی بە گڕوتینییەک و جۆش و خرۆشێکی تازە کاری دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سنوری پارێزگای هەولێر بەڕێوەبچێ، بۆیە لێردا دەمانەوێ سوپاس و پێزانین و ستایشی خۆمان بۆ ئەو کارانەی کە لەماوەی ڕابردوودا لیوا عەبدالخالق تەلەعەت وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر پێشکەشی کردووە و هاندوونەناسانە کاری کردووە ئاراستە بکەین و بەناوی خۆم و بەناوی وەزیری ناوخۆش سوپاسی هەوڵ و ماندووبونی کاک عەبدالخالق و هەموو ئەفسەران و پۆلیسانی پارێزگای هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بکەم کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە سەقامگیری و ئەمنیەتی ئەو شارە و نەهێشتنی تاوان.

پارێزگاری هەولێر هەروەها وتی: دەمەوێت بەناوی پارێزگای هەولێر و بەناوی وەزیری ناوخۆش پیرۆزباییەکی گەرم لە عەمید دلێر بکەم کە وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئەمڕۆ دەست بەکار دەبێت، کاک دلێر یەکێکە لەو ئەفسەرە ماندووانەی کە لەماوەی ڕابردوودا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە و خاوەنی ئەزمونێکی باشیشە، بۆیە پیرۆزبایی لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین، جارێکی دیکە تەئکید دەکەمەوە کە ئێمە وەکو پارێزگای هەولێر بەهەموو توانامانەوە هاوکار و پشتیوان دەبین بۆ ئەوەی ئاسایش و سەقامگیری لەهەولیر هەمیشە بەرقەراربێت.

هەولێر.. خولێکی ڕۆشنبیری لقی 16 کۆتایی هات



بەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە ئاستی هۆشیاری کادیرانی سنوورەکەو پێگەیاندنیان لەبواری جیاجیاکاندا، لەژێر چاودێری بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەئامادەبوونی کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجوومەن و کارگێڕانی لق و ژمارەیەکی زۆر لەڕێکخستنەکانی سنوورەکە، لەمەراسیمێکی شایستەدا لێژنە ناوچەی دارەشەکران لەناحیەی دارەشەکران کۆتایی هێنا بەخولێکی ڕۆشنبیری کە بۆ ژمارەیەک لەکادیرانی سنوورەکە کردبوویەوە.

لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا کاکەمین نەجارِ سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر تیشکی خستەسەر گرنگی ئەو جۆرە خولانە لەپێناو پێگەیاندنی کادیران لەبواری جیاجیاکاندا پێشخستن و پاراستن و خزمەتکردنی نیشتمان و نەتەوەکەمان کە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە بەبێ جیاوازی و، لەم ڕوانگەیەشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە پێشەنگ بووە، بۆیە هیوادارین ئەو کۆمەڵە زانست و زانیارییەی لەڕێگای ئەم خولەوە لێوەی سوودمەند بوونە لەژیانی ڕۆژانەتاندا پراکتیزەی بکەن و لەڕێگەیانەوە زۆرترین خزمەت بەکۆمەڵگاکەمان بکەن.

لەکۆتایی مەراسیمەکەدا لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووەوە سوپاس و پێزانین پێشکەش بەمامۆستایانی خولەکە کرا کە لەماوەی نزیکەی مانگێکدا ماندوونەناسانە وانەکانیان گوتەوەو بڕوانامەی دەرچوون و خەڵاتی ڕێزلێنانیش بەخشرایە قوتابیانی بەشداربووی خولەکە.

وەزیری کارەبا: کار بۆ چاککردنەوەی هەردوو وێستگەی کارۆئاوی بەنداوی دوکان و دەربەندیخان دەکرێت

ئەندازیار کەمال محمد سالح وەزیری کارەبا لە کۆبوونەوەیەکدا کە بریکارو ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتی کارەبا ئامادەبوون، باسی لەو گرفت و کێشانەکرد کە بەهۆی هەڵکشانی خێرایی خواستی کارەبا لەچەند هەفتەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی سێکتەری بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارەبا بوونەتەوە، تەوەرێکی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بەچارەسەرکردنی یەکەکانی هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان، لەم ڕووەوە بڕیارە بەم نزیکانە تیمەکانی وەزارەت بەهاوکاری کۆمپانیا پسپۆرەکانی تایبەت بە کاری چاککردنەوەی یەکەکانی وێستگە کارۆئاوییەکان دەست بەکارەکانی چاککردنەوە لەهەردوو وێستگەی بەنداوەکە بکەن.

هەولێر.. چەندین تونێژینەوە سەبارەت بە کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە وۆرکشۆپێکدا خرایەڕوو



بەئامادەبوونی پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین، کونسڵی گشتی وڵاتی هۆڵەندە لەهەولێر و نوێنەرانی زانکۆی قانینگنی هۆڵەندی و نوێنەرانی زانکۆکانی عێراق وەک بەغدا و مووسڵ و ئەنبار و بەسرا و کووفە و نوێنەرانی هەر یەک لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ و ژمارێک لە مامۆستایانی کۆلیژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەدین، وۆرکشۆپێک لەمیواندارِی زانکۆی سەلاحەدین، سەبارەت -بە پرۆژەی بەڕێوەبردنی ئاو و کەشناسی زیرەک لەبواری کشتوکاڵی لەعێراق و هەرێمی کوردستان- ئەنجامدرا، سەرەتا سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین باسی لەهەموو ئەو بابەتانە کرد، کە پەیوەستە بەئاو و کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستاندا. لەلایەکی دیکەوە باسی لەم خالانە کرد: ئێستا کێشەی ئاو بۆتە کێشەیەکی جیهانی، لەتەک ئەوەشدا عێراق کێشەی ئاوی هەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ. جەختیشی لەوە کردەوە زانکۆی سەلاحەدین هەردەم دەستپێشخەر بووە بۆ نواندنی ئەو چالاکییانە تا کوردستان و عێراق سوودی لێ وەربگرن، لەهەمانکاتدا ئەم جۆرە وۆرکشۆپانە ئاستی زانستی زانکۆکانی کوردستان و عێراق بەرەو پێشەوە دەبات. پاشان دەستکرا بەخستنەڕووی ئەو بابەتانەی، کە پەیوەستە بەپرۆژەی ئاو و چارەسەرکردنی هەموو لایەنەکانی کشتوکاڵ بەدەستەبەرکردنی ئاو. هەروەها باس لەوە کرا، کە ئەم پرۆژەیە ماوەی سێ ساڵ دەخایەنێت و گشت خەرجییەکانی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی هۆڵەندا دابین دەکرێ و ئەنجامدانیشی ڕێکخراوی نۆفیک لەئەستۆی دەگرێ.



دەربەندیخان.. پێکدادانی پاسێک و بارهەڵگرێک 10 بریندارِی لێکەوتەوە

خەبات ـ سەبریە یوسف

دوێنێ پێکدادانی پاسێک و بارهەڵگرێک لەنزیک تونیلی شاری دەربەندیخان بریندارِبوونی 10 کەسی لێکەوتەوە. لەو بارەوە، ڕێژەن بورهان، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی دەربەندیخان، بە خەباتی ڕاگەیاند دوێنێ دوو ئۆتۆمبیل لەجۆرەکانی پاس و بارهەڵگر لەنزیک تونیلی دەربەندیخان پێکیانداداِ بەو هۆیەوە 10 کەسی سەرشینی ناو پاسەکە بریندارِبوون و ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەربەندیخان کراون. ڕاشیگەیاند بریندارەکان هەندێکیان لەبەر سەختی بریندەکانیان ڕەوانەی سلێمانی کراون.



پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز، ساڵح هەرکی

بەدڵگرانیەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (خاتوون)ی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەکەین، هاوبەشی خەمی ئێوە و کەسوکار و خزمانتانین. خودای گەورە دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و دایکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەناوی خودای گەورە و بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز، تاڵب ئەحمەد عەباس مامەند

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری سارتکە (ئەحمەد عەباس مامەند)ی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەکەین و هاوخەمی خزم و دۆست و ئاشنایانتانین.

خودای گەورە دڵنەوایی و ئارامیتان پێببەخشێت و باوکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

هەڤاڵی بەڕێز ساڵح هەرکی

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

بۆ بەڕێز سەیران سەلاح و زیرەک سەلاح

بەداخەوە، هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

بەو بۆنە خەمناکەوە، بەناوی سەرنووسەرو ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆستانتان دەکەین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون

(خەبات)

سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر لە دیمانەیەکی تایبەتی ڕۆژنامەی خەبات دا

لە ئێستادا 15 هەزار قوتابیمان هەیە و ئەمساڵ ڕێژ لە 15 کەسایەتی هەولێر دەگرین

دیانە: کارزان حەیدەر
فۆتۆ: عومەر خدر

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر لەگەڵ ئەوەی ساڵی 2012دامەزراوە، هەوڵی ئەوە دەدا بەبێتە زانکۆیەکی نێودەوڵەتی لەڕێگەی ئەو یاداشتانەی لەگەڵ زانکۆ جیهانیەکان ئیمزای دەکا لەگەڵ ئەو سەدان توێژینەوەیەی ساڵانە پێشکەشی دەکات، سەرباری پەرەپێدانی توانای مامۆستاکانی لە دەرەوەی وڵات.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.کاوە شێروانی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر لە دیمانەیەکی لەگەڵ(خەبات)باسی هەوڵەکانی پێشخستن و پەرەپێدانی زانکۆکەی دەکات و دەڵێ: "ئەمساڵ 200کورسی خوێندنی باڵا دەکەینەوە کە دبلۆمی باڵای ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرایە، بۆ کچ و کوڕانی شەهیدیش کورسی تایبەت دابین دەکەین بە مەرجی دەرچوون، بێ ئەوەی کاریگەری بکەنە سەر کورسیەکانی دیکەی قوتابیان کە کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

خەبات: زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر چەند کۆلێژ و پەیمانگای هەیە؟

د.کاوە شێروانی: پێشتر تەنها پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بوو، دوای ڕاپەڕینی کوردستان دەستەی پەیمانگا تەکنیکیەکان دامەزرا تا ساڵی 1996?پاشان بە بڕیاری پەرلەمان دەستەی خوێندنی تەکنیکی دامەزرا، ئینجا چەند کۆلێژێک کرایەوە و دوای ئەوەی ساڵی 2012بوو بە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر کە 3کۆلێژ و 8پەیمانگا لەخۆ دەگرێت، لە کۆلێژەکانی تەکنیکی ئەندازیاری و تەکنیکی کارگێڕی و تەکنیکی تەندروستی، لەگەڵ پەیمانگا پسپۆڕیەکانی هەولێر کە پەیمانگای تەکنیکی پزیشکی و تەکنیکی کارگێڕی و تەکنیکی تەکنەلۆژین، سەرباری 5پەیمانگای دەرەوەی هەولێر کە گشتین و پەیمانگاکانی شەقلاوەو سۆران و چۆمان و کۆیە و خەباتن، ئەمساڵ 15هەزار قوتابیمان هەیە لەگەڵ 600مامۆستا لەبڕوانامەی ماستەر بەسەرەوە، لەگەڵ 1800فەرمانبەر.

خەبات: لەگەڵ زانکۆی چەند وڵات ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنی زانکۆیتان ئیمزا کردووە بۆ پێشخستنی زانکۆکەتان؟

بەڵام لە فەرمانڕەوایەتی (ئەنەوشیروان) (531-579ز) دوای شەڕکردنی لەگەڵ ڕۆمەکاندا، ئێرانییەکان لەشام دەستیان کردووە بە خراپەکاریی و چەوسانەوەی عیسایییەکان و قەشەی گەورەشیان دورخراوەتەوە. بەڵام کاتێک ئەنەوشیروان لەگەڵ ڕۆمدا پەیمانی ئاشتی پەنجا ساڵەی بەستووە، یەکێک لە خاڵەکانی پەیماننامەی نێوانیان ئەوە بووە کە عیسایییەکان ئازادی مەزهبی خۆیان هەبێت بە مەرجێک لەناو جەماوەردا بڵاوی نەکەنەوە. خەسرەوی پەرویز (590ـ 628ز) کە لەسەرەتادا سەرکەوتنی بەسەر ڕۆمەکاندا بەدەست هێناوە، بەڵام بۆ عیسایییەکانی ناو وڵات تووندوتیژی نەگرتۆتە بەر، بەڵام دوای هێرشە داگیرکەرییەکەی (هەرقل) جارێکی تر تووندوتیژی رامیاری و سەربازی بەرامبەریان گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی لێیان رزگار بێت. لە فەرمانڕەوایەتی (شیرۆ)دا ئازادی تەوا و بە عیسایییەکان دراوە و دامەزراوە ڕۆحانییەکانیشیان لەئێراندا لەسەر شێوەی دامەزراوەکانیان لە وڵاتی ڕۆمدا بووە.

ئەو دروشمە ئاشتییەی یەزدەگوردی یەکەم کە بەرامبەر بە عیسایییەکان نیشانی داوە، بەڵام تاوانباران هەر عیسایییەکان بوون چونکە کردارى نارەوایان چەند جارێک زیانی گەیاندووە بە ئێرانییەکان، بەڵام پادشا بەخشیونی بۆ ئەوەی ئاو بەسەر ئاگردا بکات و لەنێوانا هاوسەنگییەک دروست بکات کە عیسایییەکان تێیدا بەئاگا نەهاتوون، نمونەش بۆ ئەمە لەشاری (هورمز ئەردەشێر) کە دەکەوێتە خوزستان کەسێکی ڕۆحانی مەسیحی بەناوی (حەشۆ) بەڕەزامەندی ڕەسمی، یان بەدەمی قەشە (عەبدا) پەرستگایەکی زەردەشتی وێرانکردووە کە نزیکی کڵێسایەکی عیسایی بووە، ئەو ڕۆحانییەو قەشەو کەسانی تر کە لەو پرسەدا خۆیان بەدەستەوە داوە، پەشیمان بوونەتەوە و داوای لێبوردنیان کردووە بەڵام دەستگیرکراون و نێردراون بۆ تەیسفوون. پادشا خۆی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردوون لەمەدا (عەبدا) هاوبەشی خۆی لەو کارەدا ددان پێدانراوە، بەڵام (حەشۆ)ش ددانی بە تاوانەکەیدا ناوە کە خۆی ئەو پەرستگایەی ڕووخاندووە و بە خراپەش باسی ئایینی زەردەشتی کردووە. پادشا فەرمانی داوە بە(عەبدا) کە پەرستگاکە نوێ بکاتەوە بەڵام ئەو فەرمانەکەی داوەتە دواوە، بۆیە ئەویش فەرمانی کوشتنی داوە. ئەم جۆرە تاوانانە کە عیسایییەکان ئەنجامیان داوە لە کۆتاییدا بە زیان بۆیان گەڕاوەتەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە (مەهر نەرسی) کە دوژمنی گەورەی عیسایییەکان بووە، پادشا بەپلەی (وەزرگ فرمزار) دایناوە ئەمەش بەڵگەی گۆڕینی ڕەفتاری پادشایە بەرامبەر عیسایییەکان. عیسایییەکان لە چاخی فەرمانڕەوایەتی ساسانیدا هەتا لە سەختترین قۆناغەکانی راونان و دوورخستنەوەو هێرشبردنە سەریان ڕێگایان پێدراوە کاری ئایینی خۆیان بکەن لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێک جار لە کڵێساکانیاندا لە شارو گوندەکاندا ئازاری کرێکارە ئێرانییەکانیان داوە. لەوەش زیاتر لە سااڵنی ((410-420))ی زایینی لە پایتەختی وڵاتی ئێراندا ڕێگایان پێدراون ئەنجومەنەکانیان دابمەزرێنن بە ئامادەبوونی دوو نوێنەری دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی (بێزەنتە)، یەکێکیان بە ناوی (مارۆشا)و ئەوی تر (ئاکاس)، کە خوتبەو ئامۆژگاری خۆیان داوە لە ناخۆشترین ڕۆژەکانی ترس و دوورخستنەوەیان کە بەرامبەریان کراوە. لە فەرمانڕەوایەتی شاپوری دووەمدا (309- 379ز) وا دەردەکەوێت هەموو کات فشار لەسەر زانای ئایینی مەسیحی هەبووە، بەڵام لەبارەی گشت مەسیحییەکانەوە ئەوە نەتراوەو عیسایییەکانیش بۆ ئەوەی لە شوێنی نیشتەجێبوونیان دەرنەکرێن ناچار بوون لە ئایینەکەی خۆیان هەڵبگەڕێنەوە.

وا دەردەکەوێت عیسایییەکانی وڵاتی ئێران هەر وەکو ئەوانەی دەوڵەتی ڕۆم لە پەیوەندییە یاساییەکانیاندا سەر بە یاسای سریانیی و ڕۆم بوون ئەمەش دابونەریتێک بووە کە لەسەری ڕۆشتوون. لەناویانا کوشتن کەمبووە و لە بوونیشیدا ڕێکەوتنی لەسەر کراوە بۆیە عیسایییەکان توانییانە بەئارامی لەژێر هیدایەتی مەعنەوی قەشەکاندا ژیان بەسەربەرن، بەڵام ئەوانەی تاوانیان کردووە بەخرایی وەڵامیان دراوەتەوە. فەرمان بە کوشتن کە کاری پێکراوە بە شمشێر بووە و ئەوانەش کە تاوانیان بەرامبەر ئایین کردووە دەوڵەت هەڵیواسیون، واتە لەسێدارەی داون. (پرۆتۆبیۆس) وا دەگێڕێتەوە کە پێستی سەردارێکی ئەرمەنی گوراوە و کای تێکراوە و بە درەختێکی بەرزەوە کراوە.

لەسەردەمی گەڕان بەدوای عیسایییەکاندا هەندێک جار گەورەکانیان تاوانبارکراون کە سزاکەی بەردبارانکردنیان بووە. لە فەرمانڕەوایەتی (یەزدەگورد)دا دوو (راهبە)ی عیسایی هەڵواسراون و بەردبارانکراون، هەروەها چەند کەسێکیش لە عیسایییەکان بەزیندوویی خرانەتە ناو دیوار، یان ڕێگەدراوە لاشەی تاوانباران بخەنە ژێر پێی فیل کە نمونەی ئەمە لەسەردەمی ئیسلامیشدا دەبینرێ و لە ڕۆژگاری ساسانییەکانیشدا ڕەواجی پێدراوە.

داستانی ڕەشەکوژی شاپوری دووەم:

لەکاتێکدا (قوستەنتین) ،ئیمپراتۆری ڕۆم لەسەدەی چوارەمی زایینیدا ئایینی مەسیحی وەکو مەزهەبێکی ڕەسمی ناساند و بڵاوی کردەوە، لەو سەردەمەدا شاپوری دووەم لەئێران فەرمانڕەوایەتی دەکرد، ئەو پاشایەکی ئازاو بەئیرادە بووە و ماوەی (70) ساڵ پادشایەتی کردووە و لەگەڵ ڕۆمەکاندا لەجەنگدا بووە و بەرامبەر جەماوەری نەسرانیش لێیان بەگومان بووە و وڵاتی ئەوانیشی بەدوژمن داناوە و بیانییەکانی دەورووپشتیشی کە چوارەوریان لێگرتووە بەنەیار دانراون کە تەرەفدارانی قەیسەر بوون لەناو ئێراندا و لە ڕەشەکوژی ترساون، هەرچەندە ئایینی عیسایی هەتاکو ئەو کاتەش پێشکەوتنی وای بەخۆیەوە نەدیوە.

لەگەڵ ئەوەشدا قەشەیەکی ئێرانی بەناوی (پاپا) لە (مەدایین)دا دانیشتووەو کڵێسای ئێرانی بەڕێوەبردووە. هەروەها کۆنترین شورای مەسیحیش لەساڵی 315ی زایینی لەهەمان شاردا دامەزراوە و قەشەی ئەو وڵاتەش نازناوی (جاپلیق)ی هەبووە کە سەرۆکی هەموو مەسیحییەکانی خۆرهەڵات بووە و زانیاری هەیە کە لەدەرەوەی کڵێسای ئێرانیش بڕیاری بۆ دراوە.

دوای 25ساڵ جەنگی خوێناوی لەنێوان ئێران و ڕۆمدا کە لەساڵی 338ی زایینی دەستی پێکرد کۆتاییەکەی بەسەرکەوتنی لەشکری ئێران هات کە ئەنجام شاری گرنگی (نەسیبین) بەشی ئێران بوو، بەوەش توانای شاپوری دووەم لەخۆرئاوای ئاسیا گەیشتە ئەوپەڕی لوتکەی دەسەڵات. لەوکاتەدا (شاپور) سوورببووە لەسەر ئەوەی کە دەستدرێژی بۆسەر مەسیحییەکان بەگشتی تەواو نەبووە و ماوێتی بۆیە فەرمانی داوە (شەمعوون)ی (جاپلیق)ی (مەدایین) و گشت عیسایییەکانی ئێران لەخوێنی شمشێردا بگەوزێنن. شتێکی ئاشکراشە (موغەکان) و (موبزان)ی زەردەشتی پشتگیری پادشا دەکەن و دەبنە پاڵنەرێک بۆ هاندان بۆ نەمانیان. ئەم ڕەشەکوژییە ماوەی 40ساڵ درێژەی هەبووە و خوێنی زۆری تێدا ڕژاوە کە تەنیا لە (مەدایین) شانزە هەزار مەسیحی لەخوێنی شمشێردا گەوزاون. جارێکی تریش (5) قەشە و (100) کەشیشی مەسیحی و خودی (جاپلیق) واتە (شەمعوون) بەکوشت چوون. ئەم ڕەشەکوژییە درێژخایەنە تاساڵی 379ی زایینی درێژەی هەبووە، هەتاکو ئەو کاتەی (شاپور) وەفاتی کردو ئەو خوێن ڕشتنەش وەستا. بە مردنی (شاپور) کڵێسای ئێران توانای گەورە و بەهێزتری بۆ هاتۆتە پێش. لەکۆتایی ئەو چاخەدا (یەزدەگوردی یەکەم) سوڵتەی وەرگرتووە و ئەو دوژمنی (موغ) و (موبزان) بووە و ئەم هۆیەش بۆ عیسایییەکان دڵنەڕمیی و میهرەبانی

ئایینی عیسایی لە کاتی دەستەڵاتی مەغۆڵ لە ئێراندا

لەبەرئەوەی هێرشەکانی هۆلاکۆ سەرکەوتنی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، بۆیە پەیوەندی دەزگای دەوڵەتی مەغۆلەکان لەگەڵ مەسیحییەکاندا بەقوولی گۆڕانکاری تێدا کراوە. کۆبوونەوەی مەسیحییەکان لەسەرتاسەری خۆرهەڵاتی نزیکدا لەناو موسوڵمانەکاندا ڕێکخران، ئەمانە لەژیانی کۆمەڵایەتییاندا ئەرکی زۆر گرنگیان لەئەستۆدا بوو. بەم شێوەیە پەیوەندییان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی مەغۆلدا نەیتوانی لەڕووی سیاسییەوە یەکسان بوەستێتەوە. ئێلخانەکان ناچاربوون وەک هۆکارێکی سیاسی سەرنج لەم مەسیحی خۆرئاوا ڕێکەوتوون کە سوڵتانەکانی مەمالیکی نزیک بە خۆرهەڵات بخەنە ژێر دەستییانەوە.

سەربازەکان کە پارێزگارییان لەقەڵاو شارە مەسیحییەکان کردووە (2) نوێنەریان ناردووە بۆ لای سەربازخانەی ئێلخانییەکان، واتا مەسیحییەکان بۆیان ناردوون بۆ وەگرتنی پەیمان و ئەمان کە پێشوازییان لێبکەن.

- پەیوەندی (ئاباقا) و باوکی بە مەسیحییەکانەوە لەدڵەوە نەبووە، (ئاباقا) جارجارە لە جەژنە مەزهەبییەکاندا هاوبەشیکردوون و یەکێک لەو بۆزانە پێش مردنی لەساڵی 1282ی زایینی لە جەژنی پیرۆز لەهەمەدان ئامادەبووە. مریەمی ژنی کە کچی ناشەرعی میخائیلی هەشتەمی ئیمپراتۆری قوستەنتینییە بووە بەهیچ شێوەیەک نفوسی (دقوزخاتون)ی نەبووە.

کۆمەک بە میسر بکەن بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی ئیسلامی بتوانێت ئەو سەربەخۆییەی لەدەستیان چووە دووبارە وەدەستی بهێننەوە، هەر بەوەش پێداویستی هێرشەکانی سوپای مەمالیکی شۆڕشی موسڵمانان لەو ناوچانەدا بەردەوامی دەبێت.

بەم جۆرە سروشتی بوو کە مەغۆلەکان ڕووی خۆش بە مەسیحییەکان نیشانبدەن و ئازادییان بدەنێ کە لەماوەی سەدەیەکدا لێی بێبەشبوون، ئەمەش وایکرد پەیوەندی مەسیحییەکان بەوانەوە تووندوتوڵتر بکات.

مەبەست لەمەدا ئەوە بووە کە مەسیحییەکانی خۆرهەڵات لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی مەغۆلەکاندا ئەوەی لەدەستیان چووبوو ئومێدەواربوون کە بتوانن ئێلخانییەکان بخەنە سەر ئایینی مەسیح.

بۆیە لەلایەک بەئومێدو لەلایەکی تر حسابگەری ڕامیاریان بەدرێژایی دەیان ساڵ بەیەکگرتویی هێشتنیەوە. لەلایەکی تریش ئایینی (بوزا) کە لەبەرچاوی موسوڵمانەکان ئایینی فەرخوایی بووە ئەمە وایکردووە موسوڵمانە ئێلخانییەکان، بوزاییەکان بە گاوری موتڵەق بناسن.

لەلایەکی تریش فەرمانڕەوایانی وڵاتی ئێران بەڕێگای بیرکردنەوەی سیاسیی و مەزهەبییان مەیلیان بەلای میسرییەکانەوە بووە، چونکە دەوڵەتانی مەسیحی خۆرئاوا بۆ سەرکوتکردنیان یەکگرتوو بوون.

هەر لەوکاتەشدا دەوڵەتانی مەسیحی خۆرئاوا ڕێکەوتوون کە سوڵتانەکانی مەمالیکی نزیک بە خۆرهەڵات بخەنە ژێر دەستییانەوە.

سەربازەکان کە پارێزگارییان لەقەڵاو شارە مەسیحییەکان کردووە (2) نوێنەریان ناردووە بۆ لای سەربازخانەی ئێلخانییەکان، واتا مەسیحییەکان بۆیان ناردوون بۆ وەگرتنی پەیمان و ئەمان کە پێشوازییان لێبکەن.

- پەیوەندی (ئاباقا) و باوکی بە مەسیحییەکانەوە لەدڵەوە نەبووە، (ئاباقا) جارجارە لە جەژنە مەزهەبییەکاندا هاوبەشیکردوون و یەکێک لەو بۆزانە پێش مردنی لەساڵی 1282ی زایینی لە جەژنی پیرۆز لەهەمەدان ئامادەبووە. مریەمی ژنی کە کچی ناشەرعی میخائیلی هەشتەمی ئیمپراتۆری قوستەنتینییە بووە بەهیچ شێوەیەک نفوسی (دقوزخاتون)ی نەبووە.

ژنی هۆلاکۆش بەمردنی میردەکەی توانیوێتی لەمانگی 8ی ساڵی 1265 زایینیدا فەرمانی پشتگیری (جاپلیق)ی هەبێت کڵێسای نەستۆریش بۆ خۆی وەربگرێت بەو شێوەیەی کە ژنی (ئێلخان (کلیکا ئۆزا)) لەوەوبەر بەدەستی هێناوە کە بەجێنشینی هەڵبژێردراوە.

- سەیرکردنێکی کارەکانی (ئاباقا) و (ئارغۆن) هەتاکو (هۆلاکۆ)ش دەریدەخەن کە نزیکبوون لەیەکەوە، ئەمەش لە لێدانی (دراو)دا دەرکەوتووە کە لە ڕوویەکیدا ئەم بڕگەیە نووسراوە: بەناوی باوک و کوڕو ڕوحولقودوس کە هێمای خاچی لەسەر دەرهێنراوە. مریەمی خێزانی ئاباقاش لە پەیڕەوانی کڵێسای ئەرتەدۆسکی یۆنانی بووە.

ئەو میردەکەی کۆمەکی کردووە بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی کڵێسای یۆنانی لە تەورێز کە فەرمانی داوە نەخشەسازی لە قوستەنتینییەوە بۆ بهێنن.

ئەبولفەرەج جارێکی تر بوونی ئەو نەخشەسازانەی بۆ خزمەتی کڵێسای یەعقووبی خستۆتەبەرچاو، هەروەها دانانی پەیکەری قەشەکانی نەستۆریش لەناوچەکانی خۆرهەڵات واتا لە (تەورێز) و (گوس) و (چین) کە لە کڵێساکانا بەبەردەوامی هەبوون.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی (ئەرغۆن)دا (جەبلەی سێیەم) لەساڵی 1285ی زایینی پەیمانی یەکسانی سەیرکردنی مەسیحییەکانی لەسەرچاوەکەیەوە بەڕەسمی وەرگرتووە و فەرمانڕەوایی دنیایی ئەویان بەرزو گەورە نرخاندووە و بەراتیانکردووە, بەو کارەش دوا سەردەمی خۆشی مەسیحییەکانی خۆرهەڵات ئاوابووە. (ئێلخان) فەرمانیدا نزیک دەوارەکەی کڵێسایەکی بۆ دروستبکەن دوای ئەوە کاری نزاکردنیشی تێیدا دەستی پێکردووە و زەنگەکەی دەنگی دایەوە. لەشوێنی کردنەوەی کڵێساکەدا (جاپلیق)ی نەستۆری پێشوازی لێکراو بەڕێزەوە جامێ شەرابی پێشکەش کرا. تەواوی ئەوانەی باسمانکرد کارەکانی (ئارغۆن) بوون لەو ڕووەوە کە مەیلی بەلای ئەو مەزهەبەدا دەڕێشت، واتە پەیوەندی ئەوی بەمەسیحییەکانەوە بەستبۆوە. ئەم قۆناغە کە باسی جەبلەی سێیەمی تێداکراوە لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕەفتاردۆستانەی (ئارغۆن) لەگەڵ مەسیحییەکان و پادشاکانی خۆرئاوادا بەو نیازە بووە بەرەو خۆرئاوا بڕوات. ئەو وای وتووە کە بەزوویی ئایینی مەسیحی قبوڵدەکاو لەوانەشە یەکیەتی لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوادا بەبەستێت کە بەتەواوی ئامادەیە بۆی. ئەم پەیوەندییە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی (گیخاتو)دا جارێکی تر بەردەوامی هەبووە کە چۆن ئەم ئێلخانە براوەیەتی لەبەرامبەر موسوڵمانەکان پێشی لە ڕەفتاری دوژمنکارانەی گرتووە. (گیخاتو) کە لەساڵی 1298ی زایینی بریندارکراوە ,ڕوحانییەکانی مەسیحی و موسوڵمان و یەهودی و بوزی چارەسەریان بۆکردووە. ئەو بە مونەسەبەتی جیاجیاوە لەوانە مەراسیمی مەرگی مریەم لە 15ی 8ی 1291ی زایینی هاوبەشی کردووە و هەروەها جارێکیتر لە مەراسیمی (عیشای ڕەبانی) لە کڵێسادا هاوبەشی کردووە کە بەفەرمانی (دقوزخاتون) ئەنجامدراوە، هەروەها جارێکیتر دوای ساڵێک لە (تابستان) بە جەبلەی سێیەم گەیشتووە لە کۆشکی مەراغە. ئێلخان لەم بەیەکگەیشتنەیدا دیاری بەنرخی بەئەو پێشکەشکردووە و مۆڵەتی پێداوە کە کڵێسای تازە دروستبکاو فەرمانی تازەشی بۆ پشتگیری لەئەو دەرکردووە.

(غازان) لەکاتێکدا بەرامبەر نەیارانی وەستاوەتەوە و فەرمانی تاڵانکردنی پەرستگای بوزی و مەسیحی داوە ,نەورۆزی ڕاوێژکاری جارێکیتر لەم شوێنەدا لە (سیستان) لە دوژمنی خۆی و غەیری موسڵمانی داوە بۆ شکاندنیان و زەلیلکردنیان.

کاتێک غازان لەسەر تەخت دانیشت فەرمانی دانانەوەی خاوەی دووبارە لەسەر مەسیحییەکان و جولەکەکان دەرکردووە، هەروەها فەرمانی وێرانکردنی پەرستگای مەسیحی و یەهودی و بوزیشی داوە. مەغۆلەکان زۆماریەک لەو پەرستگایانەیان کردۆتە مزگەوت. لێرەدا دانیشتوانە موسوڵمانەکە دوای دەیان ساڵ فشار خستنەسەریان هەستیان بە ئازادی کردووە، بۆیە کەوتوونەتە دوای مەسیحییەکانەوە بەستبۆوە. ئەم قۆناغە کە باسی جەبلەی سێیەمی تێداکراوە لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕەفتاردۆستانەی (ئارغۆن)



حکومەتی ئیتاڵیا.. گوشارەکان پەرە دەستێنن

جۆن فۆلین

سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا، جۆسیپی کۆنتی، بەکردار پێشبینی زۆربەی نەیارە سیاسییەکانی تێپەڕاند، دوای ئەوەی لە کەوتنی حکوومەتەکەی یەکەمیی لە هاوینی رابردوودا رزگاری بوو. بەڵام هاوپەیمانیەتی دووەمی زۆر لاوازە، بە رادەیەک چەندین کێشە، دەتوانن زوو بەربەست بخەنە بەردەمی. لە مانگی حوزەیرانی 2018دا، کۆنتی، هەڵسا بە پێشەوایەتیکردنی هاوپەیمانیەتییەک لە نێوان بزاوی (پێنج ئەستێرە)ی دژ بە دامودەزگاکان و میللییە راستڕەوەکان لە پارتی (هاوبەندی).

کاتێک رێکەوتنەکەش هەرەسی هێنا، یارمەتی دروستکردنی هاوپەیمانیەتییەکی تازەی لەگەڵ بزاوی (پێنج ئەستێرە) و پارتی (دیموکراتی) دا، کە گرووپی (چەپی ناوەڕاست)ی باوە لە ئیتاڵیادا. دوای نارەزایی بودجەی ساڵی 2020 بۆ پەرلەمانیش، کۆنتی، لە 28مانگی رابردوودا بە رۆژنامەنووسانی وت، دەیەوێت بە دانوستانکردن لەسەر بەرنامەیەکی حکوومەت، دەست بە ساڵی تازە بکات، کە یارمەتی بدات بگاتە کۆتایی ماوەی پەرلەمانیی لە ساڵی 2023 دا. بەڵام لەگەڵ هاتنی پارتی (هاوبەندی)، لە سەرووی ریزبەندی راپرسییەکاندا و، لەگەڵ بەردەوامی برکوژانی سەرکردەکەی (ماتیۆ سالڤینی)، دوای هەوڵە شکستخواردووەکەی بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات لە ساڵی پاردا، سەرکەوتن پێویست بەوە دەکات، سەرۆک وەزیران بەڕووی بنەماکانی ژیریە سیاسییەکەی بوەستێتەوە. لاوازی هاوپەیمانیەتییەکەی، وەبەرهێنەرانی خستووەتە حاڵەتی ئامادە باشییەوە، لەگەڵ پاشەکشەکردنی ئاستی قۆچانەکانی ئیتاڵیا، لە چاو هاوتاکانی لە ناوچەی یۆرۆدا. ئەوەی خوارەوە، ئەو بەربەستانەیە کە لەوانەیە بەم نزیکانە رووبەڕووی کۆنتی ببێتەوە:

- دادگاییکردنی بی کۆتایی: کۆنتی، بانگی سەرکردەکانی هاوپەیمانیەتی کرد، رۆژی 7 ئەم مانگە، سەبارەت بانگەوازەکەی بزاوی (پێنج ئەستێرە) کۆ ببنەوە، بۆ گۆڕینی ماوە زەمەنییەکان، بۆ دادگاییکردن بۆ جاری دووەم. بزاوی (پێنج ئەستێرە)، دەیەوێت یاسای پێشڕەوی بگۆڕێت، چونکە سیستمی دادپەروەری لە ئیتاڵیا خاوە، واتە دادگاییەکان بە زۆری کۆتایی پێدێت، بەر لەوەی بگاتە حوکمی کۆتایی. بەڵام دیموکراتەکان لە دژی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی بنەڕەتین، پارتی (ئیتاڵیای زیندوو-ئیتاڵیا ڤیڤا)، بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیرانی پێشوو، ماتیۆ رینزی، دەڵێت: ئامادەیە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەنگ بدات، بۆ ئەوەی رێگە لە بەفیڕۆچوونی مافی تۆمەتباران بگرێت، بە هۆی ئەو دادگاییانەی کە کۆتاییان نایەت.

- دوو گشتپرسی: دەکرێت بەم نزیکانە دوو گشتپرسی بە جیا، لە بارەی چاکسازیی لە هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت، یەکیان لە بارەی دەستپێشخەری بزاوی پێنج ئەستێرە-کە بەکردەوە رەزامەندی لەسەر دراوە- بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی یاساداناەران، دووەمیش لە بارەی پێشنیاری (پارتی هاوبەندی)، بۆ پێشکەشکردنی سیستمی (بردنەوە بۆ ئەوانەی زۆرترین دەنگیان هێناوە)، هاوشێوەی سیستمی بەریتانیا. دوایین گشتپرسی کە لە ئیتاڵیا ئەنجام درا، کۆتاییەکی زووی بۆ ئەو ماوەیە دانا، کە رینزی لە پۆستەکەی بردیە سەر. ئەنجامدانی گشتپرسییەکی دیکەش، بۆی هەیە (کۆنتی) بخاتە مەترسییەوە، چونکە ئەو گرووپانەی لە سایەی بنەماکانی دەنگدانە تازەکەوە دەدۆڕێن، بیر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێش وەختە دەکەنەوە، بەر لەوەی سیستمە تازەکەی بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە. ئەو مەترسییەش بە کردار بووەتە مایەی نیگەرانی وەبەرهێنەران.

- کێشەی سالڤینی: لەوانەیە سالڤینی رووبەڕووی سکاڵایەکی دادگایی ببێتەوە، لەبەر ئەوەی لەمانگی تەمموزی رابردوودا، رێگەی بە کەشتییەکی رزگاکەری پەنابەران نەداوە، لە پالیرمۆ لەنەگەر بگرێت، ئەو دەمەی وەزیری ناوخۆ بووە. دوور نییە لێژنەیەک لە ئەنجومەنی پیران، لە رۆژی 20 ئەو مانگە، دەنگ لەسەر ئەوە بدەن، ئایا هیچ دادگاییەک بۆ سالڤینی رێک دەخات، کە هەر خۆیشی ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە، بەر لەوەی ئەنجوومەن بە تەواوی دەستەکەیەوە دەنگی لەسەر بدات. لەلایەن خۆیشییەوە، سالیڤینی، دەڵێت ئەو سیاسەتی حکوومەتەکەی پیادە دەکرد. ئەو کێشەیەش فاکتەرێکی دیکەیە، بۆ تێکدانی سەقامگیری لە هاوپەیمانیەتییەکە، لەگەڵ هەڕەشەکەی رینزی، بە دەرچوون لە ریزەکە و پشتیوانیکردن لە پارتی هاوبەندی.



- مەکۆی سوور: فراکسیۆنەکەی سالڤینی، کە نوێنەرایەتی (راستڕەوی ناوەڕاست) دەکات، دەیەوێت لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمایەتیدا، کە وا بڕیارە رێکەوتی 26ئەو مانگە ئەنجام بدرێت، کۆنترۆڵی مەکۆی (ئیمیلیا رۆمانیا)ی چەپڕەو بکات، لەوکاتەی بزاوی (پێنج ئەستێرە) و (دیموکراتەکان) بەگژ یەکتریدا بچن. سەرکەوتنی فراکسیۆنەکەی سالڤینی، بۆی هەیە وا خۆی دەربخات، کە وەستاندنی ئەستەم بێت، کۆمەک پێشکەشی ئەوانەش دەکات، کە لە پارتی دیموکراتی جیا بوونەتەوە، ئەوانەی دیانەوێت لە هاوپەیمانەتییەکە بکشێنەوە، بە پاساوی ئەوەی پشتیوانیکردنیان لە کۆنتی، بە نرخێکی زۆر گران وەستاوە.

- هەراسانکردنی کۆمپانیاکان: کۆنتی ئەوەشی لەسەرە، دانوستان لەگەڵ زنجیرەیەک رۆژهڤی کاری ئەستەم بکات، ئەوانەی دووفاقی لە نێوان دەزگاکە و گرووپە نەیارەکانی لە هاوپەیمانەتییەکەی زەق دەکەنەوە. لویجی دی مایۆ، سەرکردەی بزاوی (پێنج ئەستێرە)، دەیەوێت جیاوکی رێگا خێراکان رەت بکاتەوە، ئەوەی کۆمپانیای (ئێس بی ئەی ئەتلانتا) بەدەستیهێناوە و مووڵکی ماڵباتی ملیاردێر(بینیتۆن)ـە، دوای داڕمانی بەرچاوی پردێک لە جەنەوا، لەوکاتەی دیموکراتەکان، دەیانەوێت دانوستان بۆ گەیشتن بە سازشێک بکەن. لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی بڕیاردان لەسەر ئەم پرسە، حکوومەت هەنگاوی یەکەمی نا، بە کەمکردنەوەی پارە دراوەکان، وەکو قەرەبووبەکی پێشبینیکراو. حکومەت ئەوەشی لەسەر بوو، بڕیار بدات تا چەند ئامادەیە،پارە بۆ رزگارکردنی کۆمپانیای فڕۆکەوانی پێشەنگ (ئەلیتالیا) بدات.لەلایەکی دیکەوە، چالاکەکانی (پێنج ئەستێرە) ئەوەیان لە حکومەت دەوێت، سنووردێک بۆ ئەو پیسبوونە دابنێت، کە لە کارگەی دروستکردنی ئاسن لە ناوچەی بولیای باشوور دەکەوێتەوە، بێئەوەی دەیەها هەزار دەرفەتی کارکردن بخاتە مەترسییەوە. دی مایۆ و دیموکراتەکان، بیر لە شێوازێک بۆ بەدەنگەوەچوونی ئەو داواکارییە دەکەنەوە، بەڵام دوای زنجیرەیەک لە بێهیوایی، سەبارەت بە سیاسەتی ژینەگەیی، سەرکردەکانی پێنج ئەستێرە، هەڕەشەی بەرپاکردنی شۆڕش دەکەن، ئەگەر داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکرێت.

و: رەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.alittihad.ae

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی :1944
لە کاتی جەنگی دووەمی جیهاندا فڕۆکەکانی سوپای بەریتانیا 2300تۆن تەقەمەنیان بەردایەوە سەر شاری بەرلین .



ساڵی :1970
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 6.4پلە لە هۆکایدۆی ژاپۆن بووە هۆی کوژرانی 38کەس .



ساڵی :1981
دوای 444ڕۆژ ، ئێران بارمتەکانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکای لە تاران ئازاد کرد .



ساڵی :2001
لە فلیپین شۆڕشێک بەرپا بوو و لە ئەنجامدا جۆزیف ستارادای سەرۆک خرایە بەندیخانە.



ساڵی :2015
حوسیەکان کۆنترۆڵی کۆشکی کۆماریان کرد لە سەنعا .



ساڵی :2018
دوای سەرنەکەوتنی پرۆژەی یاسایەک لە ئەنجوومەنی پیران ، حکوومەتی فیدرالی ئەمەریکی لەکار خرا .

www.xebat.net
خەبات دوو شەممە 2020/1/20 ژمارە (5914)



تووندوتیژی نێوان هێزە ئەمنیەکان و خۆپیشاندەران تەنگژەی لوبنان ئاڵۆزتر دەکات

ئا/ عەبدولقادر کەڵهۆر

رووبەڕووبوونەوەی نێوان هاوواڵاتیانی نارازیی لوبنان و هێزە ئەمنیەکان لە شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە لە بەیروتی پایتەخت تووندوتیژی لێکەوتەوە و بەهۆیەوە دەیان کەس بریندارببوون .لە نزیک بالەخانەی پەرلەمانی لوبنان هێزە ئەمنیەکان بۆ بلاوەپێکردنی خۆپیشاندەران غازی فرمێسکڕێژ و ئاویان بەکارهێنا ، هاوواڵاتیانیش بۆ بەرگریکردن لە خۆیان دروشمەکانی دەستیان و کەلوپەلی هاتوچۆی نێو شەقامەکانیان بەکارهێنا.

دوای بێدەنگییەکی ڕێژەیی لە خۆپیشاندانی ئاشتیانەی مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردوو ، جارێکی دیکە خۆپیشاندەران بەهۆی خراپی باری ئابووری ڕژانە نێو شەقامەکانی بەیروت ،ئەوجارە پێیان وایە ئەو دەستە بژاردە سیاسییەی ئێستا لوبنانی بەڕەو ئەو تەنگژە ئابووریە ئاڵۆزە بردوو کە لوبنان دووچاری بووەتەوە. پەنابردنی پۆلیس بۆ دەسگیرکردن و ئەشکەنجەدانی چالاکوانان نیگەرانی زۆری لێکەوتەوە و مەترسی ئەوە هاتە ئاراوە کە خۆپیشاندانەکان سەرکوت بکرێن.بۆیە جارێکی دیکە خۆپیشاندەران هاتنەوە نێو شەقامەکان و هێزە ئەمنیەکانیش بە بۆمبی فرمێسک ڕژێن تەنگییان بە خۆپیشاندەران هەڵچنی و چواردەوری خۆپیشاندەران یەکپارچە بووە دوکەڵی غاز و هەندێکیش ئامانجە بووە دەدەن کە پۆلیس و هێزە ئەمنیەکان گوللەی پلاستیکیان بەکارهێناوە.لەو بارەوە ڕێکخراوی خاچی سووری لوبنانی ئاشکرایکرد ، زیاتر لە **100**کەس بەهۆی ئەو ئەو تووندوتیژییانەوە بریندار بوون و چارەسەری پێویستیان وەرگرتووە، نزیکەی **65**کەسی دیکەش بە ئەمبولانس گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانە و لە ژێر چارەسەرکردندان. هەر لەو بارەوە سەرچاوەیەکی ئەمنی ئاشکرایکرد، **15** کەسی دیکەی چالاکوان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە دەسگیرکراون .

لەوچوارچێوەیەدا میشال عۆنی سەرۆکی لوبنان داوای لە هێزە ئەمنیەکانی لوبنان کرد هێمنی و ئاسایش بپارێزن لە نێو بەیروتدا ، لە بەیاننامەیەکدا نووسینگەی سەرۆکی لوبنان داوای لە هێزە ئەمنیەکان کرد سەلامەتی گیانی خۆپیشاندەران و مووڵکە گشتییەکان بپارێزن و هێمنی و ئاسایش بگەڕێننەوە بۆ بەیروتی پایتەخت .

لە مانگی تشرینی یەکەمی برادووەوە پشتیوانەکانی لوبنان ، سەعد حەریری ناچار کردەست لەکارکێشانەوە پێشکەش بکات، لەوکاتەوە تاکو ئێستا سیاسەتکارە نەیارەکانی لوبنان نەیانتوانیوە حکومەتێکی یەکگرتوویی لوبنانی پێکبهێنن.یا پلانێک دارێژن بۆ ئەوە لوبنان لەو تەنگژەیە ڕزگار بکەن. ئێستاوەی خۆپیشاندانەکان ، سەعد حەریری سەرۆکوەزیرانی دەست لەکارکێشاوەی لوبنان لە توێتێکدا لە هەمبەر دیمەنی تووندوتیژییەکانی بەیروت ڕایگەیاندبوو، دیمەنێکی گومان لێکراو و ڕەتکراوە و شێتانەیە، هەڕەشە لە ئاشتیی مەدەنی دەکات. نابێت بەیروت ببێتە گۆڕەپانی سیاسەتە ئاراستەکراوەکان و بەکرێگیراوان و جموجۆڵە میللییەکان بکەوێتە ژێر مەترسییەوە .

لەلایەکی دیکەوە هێزە ئەمنییەکان ئاشکرایان کرد لە یەکێک لە دەروازەکانی پەرلەمانی لوبنان هێزەکانی نەهێشتنی تووندوتیژی دووچاری هێرشی تووندبوونەتەوە ، ئەوانیش بۆ پاراستنی ژیانی هاوواڵاتیان داوایان لە خۆپیشاندەران و هاوواڵاتیانی سڤیل کردووە لەو شوێنانە دووربکەونەوە کە تووندوتیژی و ڕووبەڕووبوونەوەی تێدا ڕوویداوە.

هێزە ئەمنیەکان لە توێتێکدا لە ڕێگەی میدیاکانەوە داوایان لە هاوواڵاتیان کردووە لەو شوێنانە دوور بکەونەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن ئەو کەسانە دەسگیر بکەن کە پشێوی دەنێنەوە و پەنا دەبەنە بەر کاری تێکدەرانە. بە پێی گوتەی هێزە ئەمنیەکان ، ژمارەیەک گەنج بە دروشمی "شۆڕش شۆڕش" بەردبارانی هێزە ئەمنیەکانیان کردووە و ویستوویانە هێرش بکەنە سەر باڵەخانەی پەرلەمان لە ناوەراستی بەیروت . لەو بارەوە وەزیری ناوخۆی لوبنان "ڕیا ئەلحەسەن " گوتی بەهیچ شێوەیەک قبوڵ نییە خۆپیشاندەران هێرش بکەنە سەر هێزە ئەمنییەکان. گوتیشی ، چەند جارێک بەڵێنم دا کە پارێزگاری لە خۆپیشانی ئاشتییانە بکەم و دووپاتم کردووەتەوە کە خۆپیشاندانەکان حەقن، بەڵام خۆپیشاندانەکان ئاراستەیان بگۆڕدرێت و هێرش بکرێتە سەر هێزە ئەمنییەکان ئەوە کارێکی مەقبوڵ نییە و سەرکۆنەی دەکەین .

جێی زانینە، شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە بە سەدان هاوواڵاتیی لوبنانی جارێکی دیکە ڕژانەوە سەر شەقامەکانی بەیروتی پایتەخت و دروشمی دژ بە چینی سیاسی لوبنانیان بەرز کردبووەوە ، هەروەها نارەزایی خۆیان بەرانبەر کەرتی بانکی لوبنان دەردەبڕی، کە ڕێگەنادەن خاوەن حیسابە بانکییەکان بگەنەوە بە پارە و پولی خۆیان . دەرگا و پەنجەرە و ئامێرەکانی بانکییان تێکشاند. بەو هێزەوە لیرەی لوبنانی نرخەکەی زۆر داشکاوە و کەمبوونەوەی ڕێژەی دۆلار بووتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک لەو دەوڵەتە و خەڵکی متمانەی بە کەرتی بانکی لەلوبنان نەماوە .



پێناسەی وڵاتان

بلیز

ناوی فەرمی: بلیز.
کیشوەر: ئەمەریکای باکوور و ناوەڕاست.
پێگەی جوگرافی: دەکەوێتە سەر دەریای کاریبی لە باشووری مەکسیک و باکووری ڕۆژهەڵاتی گواتیمالا لە ئەمەریکای ناوەڕاست.
سیستمی دەسەڵات: پادشایەتی.
پایتەخت: بلمۆپان.
ڕووبەر: 22.960 کیلۆمەتر دووجا.
ژمارەی دانیشتوان: 230.160کەس.
ئاین: 62٪ کاسۆلیکی ڕۆمان ، 30٪ پرۆتستانت.
دراو: دۆلاری بلیزی.
زمان: ئینگلیزی، ئیسپانی، چەند زمانێکی ناوخۆیی.
میژووی ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان: 25.9.1981.

مانشێت



سکای نیوز:
چەند میدیایەکی ئەڵمانی ڕایانگەیاند کە یەکێتی ئەورووپا بەنیازە 75%ی ئەو یارمەتیانە لە تورکیا ببڕێ کە پێی دەبەخشێ.



ئیلاف:
لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا هەزاران ئافرەت بەشداریان لە ڕێپێوانێک کرد لە دژی دۆنالد ترەمپ.



ئەی ئێف پی:
لە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەرازیل، بەهۆی بارینی بارانێکی زۆر و لافاو **5**کەس گیانیان لەدەست دا.



ڕۆیتەرز:
ئێران بەنیازە هەردووک سندوقە ڕەشەکەی فڕۆکە ئۆکرانیە تێکشکاوەکە ڕەوانەی ئۆکرانیا بکات.



فرانس :24
بە مەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی لە یاسای خانەنشینی، هەزاران خۆپیشاندەر هەڵڕژانە سەر شەقامەکانی پاریس و پۆلیس ژمارەیەکی لێ دەستگیر کردن.



کەنالی ئار تی:
خاتو ئەلیزابێسی شازنی بەریتانیا بڕیاری دا هەموو نازناوە پادشایەتیەکان لە ئەمیر هاری و هاوسەرەکەی وەربگرێتەوە.

کەشتی ئاسمانیی (سۆلار پارکەر پرووب) چالاکییەکی نامۆو نەناسراوی خۆر ئاشکرا کرد



بەمەبەستی نزیک کەوتنەوە تا دوایین ئاست لە خۆر، ئاژانسی (ناسا) و لە ئابی 2018 دا، کەشتی ئاسمانیی (Solar Parker Probe)ی هەڵدایە بۆشایی ئاسمان و بە پێی پلانێکی تۆکمە، قۆناغ بە قۆناغ و بە هێمنی ئەو کەشتییە لە خۆر نزیک دەکەنەوە بێ گومان بە پێشکەوتووترین ئامێری لێکۆڵینەوەیی سەردەم پاڵپشتی کراوە، بەڵام وادیارە لە ئێستاوە دەستیکردووە بە لادانی پەردە لەسەر نهێنییە شاردراوەکانی ئەو ئەستێرە هەرە نزیکە لێمانەوە.

لە 2019.12.4و لەنێو لێکۆڵینەوەیەکی هەرە نوێی چوار لاپەڕەیی کە لەنێو گۆڤاری سروشت – NATUREدا بڵاوکراوەتەوە، بۆ یەکەمجارە لەمێژووی دۆزینەوەکانی تایبەت بە خۆرەوە، زانایان نهێنییەکی دیکەی بێ وێنەیان دۆزیوەتەوە سەبارەت بە چالاکیی تیشکیی کە تاوەکو ئێستا هیچ دەزگاو کەشتی و زانایەک پێی نەزانیوەو پێدەچێت لەو خاڵەوە دەرگایەکی دیکە والابکرێت بۆ ناسینی زۆر زیاتری خۆرو چالاکییەکانی.

دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر داتایە هەرە نوێیەکانی ئەو کەشتییە جۆرە هەڵسوکەوتێکی نوێی دۆزیبەوە بۆ ئەو تەنۆچکە بارگاویانەی کە بەشێوەیەکی یەگجار زۆر چڕوپڕ لەگەڵ تەقینەوەکانی خۆرەوە دەردەچن، ئەو تەنۆچکانەی کە راستەوخۆ لەگەڵ بەرگی موگناتیسی زەوی کارلێک دەکەن و دیاردەی ناوازەی (شەفەقی پۆلیس aurora)ی لێدەکەوێتەوە، بەڵام پسپۆڕان لەبەر لایەنێکی دیکەی زۆر هەستیار گرنگیی بەو تەنۆچکانە دەدن، چونکە کاردەکەنە سەر تەندروستی کەشتیوانانی ئاسمانیی ئەگەر هات و بۆماوەیەکی زۆر دوورو درێژ لەنێو کەشتییەکانیاندا مانەوە.

داتایەکانی کەشتییەکە دەریخست کەوا لە دەرئەنجامی بوونی شڵەژانێکی نامۆ لە شێوەی دەرچوونی تەنۆچکە بارگاوییەکان، دووبارە کایە موگناتیسییە یەگجار زۆر بەهێزەکانی دەرچوو لە خۆر دەگەڕێنێتەوە سەر رووی خۆر، کە ئەمەش دیاردەیەکی نامۆیەو تا ئێستا هۆکارەکەی نەزانراوە، بەڵام پێدەچێ کەشتییەکە نزیک بۆتەوە بۆ وەلامدانەوەی چەند پرسیارێک کە دەیان ساڵە سەری لە زانایان شێواندووە، بەتایبەتیش، حاڵیبوونیان لە میکانیزم و چۆنییەتی دەرچوونی تەنۆچکە بارگاوییەکان لە رووی خۆرەوە.

پسپۆڕان دەڵێن، هەرچەندە ئێمە زانیاری زیاتر بزانین دەربارەی سروشت و هەڵسوکەوتی ئەو تەنۆچکە بارگاویانە، وەک ئەوەی ئێستا بەم دواییە دۆزراوەتەوە، ئەوا هێندە زیاتر دەتوانین ئەو تێکنۆلۆژیایانە پەرە پێی بدەین و دەستەبەریان بکەین بۆ بەرزکردنەوەی ژیر زیاتری رێوشوێنەکانی خۆپارێزیی، وە هەروەها حاڵی بوونی زیاتر لەسەر ئەو بارودۆخەی کە لە بۆشایی ئاسمانی دەوروبەری هەسارەکەماندا فەراهەم بووە، ئەمە جگە لە دەستکەوتنی زانیاری زیاترو وردتر دەربارەی پرۆسێسەکانی لەدایکبوون و پەرەسەندنی خودی خۆرو ئەستێرەکانی دیکە.

" ئەو داتا نوێیانەی کەشتیی (سۆلار پارکەر) دەربارەی ئەستێرەکەمان، نهێنی یەگجار زۆر سەرسوڕمانی بۆمان ئاشکراکرد دەربارەی هەڵسوکەوتی خۆر، چونکە روانگەکردنی خۆر لە مەودایەکی نزیکەوە، نەوەک لە دوورەوە، دیمەنێکی هەرگیز نەبینراوو دیاردەی هەرگیز نەزانراومان پێ دەبەخشێ و حاڵیش دەبین کەوا بە چ شێوەو ڕێگایەک خۆر کاردەکاتە سەر زەوی و ئینجا ئاشنابوون و شارەزابوونمان لە سروشتی ئەستێرەکان و چ لەنێو گالاکسی خۆمان یان ئەوانی تر، بێ گومان ئەوە دەستپێکی کاتێکی یەگجار زۆر سەرنجڕاکێش دەبێت لە میژووی دۆزینەوە فیزیا- فەلەکییەکانی خۆر لەسەر دەستی (سۆلار پارکەر پرووب) دا!"، لە زاری (تۆماس زووربووشن) ی بەڕێوەبەری یاریدەدەری زانستەکان لە بارەگای (ناسا) لە (واشنتن).

جێگای ئاماژەیە تەنۆچکە بارگاوییەکانی خۆر لە چوارچێوەی چالاکییەکدا دەردەچن کە بە (بایەکانی خۆر ژ(Solar Wind ناسراوەو بریتییە لە ملیاردها تەن لە ئەلیکترۆن و پرۆتۆنی بارگاوی بە وزەی 1 کیلۆبەلیکترۆن ڤۆڵت و بەهۆی پلەی گەرمیی یەگجار زۆر بەرزی ناوچەی ناسراو بە خەرمانەی خۆر Coronaەوە لە چنگ هێزی کێشکردنی یەگجار زۆر بەهێزی خۆردا رزگاریان دەبێ لە بۆشایی ئاسمانی خۆرو بەخێراییەکی یەگجار زۆردا پەرش و بڵاو دەبنەوە، بەڵام بەرگی موگناتیسی زەوی وەک قەڵغانێک دەوەستێ بەرامبەر بەو تەنۆچکە بارگاویانەو ڕێگەنادات بگاتە نێو بەرگە هەواو سەر ڕووەکەی، ئەگینا خوانەخواستە ژیان لەسەر هەسارەی زەویدا لەناو دەبەن.

قوتابییەکی دواناوەندی هەسارەیەکی دەرەکیی دەدۆزێتەوە



قوتابییەکی ئەمریکی لە قوناغی دواناوەندی دەستکەوتێکی ناوازەری لە تەمەنی خۆیدا تۆمارکرد ئەویش دۆزینەوەی هەسارەیەکی نوێیە لە دەرەوەی سنووری سیستەمی خۆر تەنها دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە مانەوەی وەک ڕاهێنراوێک لەنێو ئاژانسی (ناسا) وە.

(وۆلف کۆکەر) ی تەمەن 17ساڵ و قوتابی قۆناغی دواناوەندی چووبووە نێو خولێکی ڕاهێنان لەنێو (سەنتەری ڕاهێنانی بۆشاییگەری گزدارد) و دوای تەنها 3ڕۆژ توانی هەسارەیەکی نوێ بدۆزێتەوە کە بە دەوری دوو ئەستێرەدا دەخولێتەوەو ناونراوە TOY 1338 Bئەویش دوای وردبوونەوەو شیکردنەوەی داتای وەرگیراو لە ڕوانگەی فەلەکی (ترانزیتبنگ ئێکسۆپلانێت سیرڤێی) کە کورتکراوەکەی TESSە.

" لێکۆڵینەوەیەکی وردم ئەنجام دەدا لەنێو داتایەکی ڕوانگەی فەلەکی TESSتایبەت بە ئەستێرەیەک و دوای سێ ڕۆژ هێمایەکی سەرەتاییم دۆزییەوە و پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەوە هەسارەیەکەو بە دەوری دوو ئەستێرەدا دەخولێتەوە کە ناسراوە بە سیستەمی جووت ئەستێرەیی TOY "1338لە زاری قوتابی (وولف کۆکەر) کە زیاتر گوتی: " کاتێک بینیم ڕوناکی ئەستێرەیەک لەو دووە کەم دەبێتەوە وامزانی کە یەکێکیانە بە دەوری ئەوی دیکەیان دەخولێتەوە، بەڵام من هەڵە بووم و دوایی بۆم دەرکەوت کەوا هەسارەیە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕوناکی ئەو ئەستێرەیە.

ئەو هەسارەیە 6.9جار لە زەوی گەورەترەو بە مەودای 1300ساڵی ڕوناکی لێمانەوە دوورەو بە ماوەی 95ڕۆژ خولێک بە دەوری دوو ئەستێرەکە تەواو دەکات، یەکێک لەو ئەستێرەیە قەبارەکەی 10جار لە خۆری ئێمە گەورەترە و ئەستێرەکەی دیکەش بچووکەو پلە گەرمییەکەی نزمترەو بارستاییەکەی تەنها 1/3ی بارستایی خۆرە.

بۆی دەرکەوت بەردە دۆزراوەکەی لە زێڕیش بەهادارترە!



لە ساڵی 2015هاوڵاتی (دێڤید هۆل) گاشە بەردێکی لەناوچەی (گۆڵدفیلدز) لە ناوچەی (ماریبۆرۆ) ی ئوستڕالی دۆزییەوە، لەو کاتەدا خەڵکی لەنێو هەڵمەتێکی زۆری گەڕان بوون بە دوای کیمیایی و تەنانەت چەکووشی گەورەشی بەکارهێنا بەڵکو تێکی بشکێنێ و زێڕی تیادا بدۆزێتەوە، بەڵام تەواوی هەوڵەکانی بێ سوود بوو بۆی دەرکەوت ئەو بەردە هیچ پەیوەندییەکی بە زەوییەوە نییەو لە بۆشایی ئاسمانەوە هاتووە – واتە بەردە نەزیکە.

(دێڤید) بەردەکەی کە قورساییەکەی 17 کیلۆگرامە، بردە مۆزەخانەی (مێلبۆرن) و هەردوو پسپۆڕی جیۆلۆجی (دێرمۆنت هێنری) و (بێل بێرش) لێکۆڵینەوەی تەواویان لەسەردا ئەنجامدا دەرکەوت کەوا تەمەنی نزیکەی 4.6ملیار ساڵەو ناویان نا (نەیزەکی ماریبۆر)، ئینجا لە ڕێکەی مشاری ئەڵماسەوە نموونەیەکیان لێ وەرگرت و دەرکەوت یەگجار زۆر دەوڵەمەندە بە ئاسن و لە جۆری کۆندرایتی H5و یەکێکە لە دەگمەنترین بەردە نەیزەکەکان کە تاوەکو ئێستا لە ویلایەتی ڤیکتۆریا ی ئوستڕالی دۆزراوەتەوە کە ژمارەیان 17نەیزەکەو بەڵکو لە ڕووی بەهای زانستی و بەڵکو مادیشەوە لە زێڕیش بەهادارترە.

دۆزینەوەی زێڕ لەو ناوچەیەدا، وە کاتێک (دێڤید) ئەو گاشە بەردەی دۆزییەوە هەڵی گرت، پاشان هەوڵیدا بەهەموو ئامێرەکانی بەردەستی خۆی وەک مشاری بەردو کونکار (درێل) و مادەی ترشی تیشکیی گەردوون و هەروەها گەڕان بەدوای ژیان لە دەرەوەی زەویدا.

ئاژانسی هەواڵی چینی (شینخوا) ڕایگەیاند کەوا (ڕوانگەی فاست) ئێستا گەورەترین تلسکۆپی ڕادیۆییە لە جیهانداو بریتییە لە دەفرێک (یان دوای چاوەڕوانییەکی زۆری فەلەکناسان، کۆماری چین ڕایگەیاند کەوا گەورەترین تلسکۆپی ڕادیۆیی خۆی دامەزراندو ئێستا دەتوانرێ بە تەواوی بەکار بهێنرێت و تایبەت دەکرێت بە هەردوو بوارەکانی لێکۆڵینەوەی ڕادیۆیی و


کۆماری چین گەورەترین تلسکۆپی ڕادیۆیی لە جیهاندا دامەزراندو دەستبەکاری کرد



(DISH)یکی مەزن بە تیرەی 500 مەتر، واتە بە قەبارەی 30یاریگای فوتبۆڵ و لەنێو نشێوێکی شێوە بازنەیی بەرزی لووتکەی چیایەک لەهەرێمی (کویتچۆ) لە باشووری ڕۆژاوای چیندا دروستکراوەو بە (چاوی ئاسمان) ناوزەدکرداوە.

(جیانگ بینگ) ی سەرۆکی دەستەی ئەندازیارانی تلسکۆپی ڕادیۆیی (فاست) ڕایگەیاند کەوا لە ساڵی 2016کۆتایی بە دروستکردنی هاتووە، بەڵام لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو لە ژێر کارکردن و تاقیکردنەوەی زانستی و تەکنیکی بوو، وە دەرئەنجامەکان زۆر دڵخۆشکارن و ئاستی هەستەوەریی و کوالیتییەکەی لە وەرگرتنی هێماو شەپۆلە ڕادیۆییەکانی بۆشایی ئاسمان 2جارو نیو بەهێزترە لە (تلسکۆپی ڕادیۆیی ئەریسیبوا) ی تیرە 300مەتریی لە (پۆرتەریکۆ)، کە تا پێش دروستکردنی ڕوانگەی (فاست) گەورەترین تلسکۆپی ڕادیۆیی بوو لە جیهاندا.

خۆر کلکدارێکی بە تەواوی لەناوبرد



ڕوانگەی فەلەکیی SOHOی تایبەت بە خۆر لە 2020.1.13 توانی ساتێکی سامناک تۆمارببکات و وێنەو ڤیدیۆی بۆ وەربگرێت ئەویش ساتی بەهەڵمداچوونی یەکێ لە کلکدارەکان بوو لەژێر گوشاری مەزنی پلەی گەرمیی خۆردا.

کەشتی ئاسمانی سۆهۆ بە ڕاوکەری کلکدارەکان ناسراوەو لەسەر ئاستی هەموو کەشتییەکانی دیکە ژمارەیەکی پێوانەیی وەرگرتووەو توانیویەتی لەسەرەتای کارکردنی لە ساڵی 1996تا ئێستا نزیکەی 4000کلکدار بدۆزێتەوەو ئەوەی ئەمجارەش وێنەی گرتووە ناسراوە بە کلکداری گروپی (کرووتز)ەکانە کە ناوەکەی لە زانای فەلەکناسی ئەڵمانی (هینریش کرووتز) دەوە وەرگیراوە کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا کە بە وردی ڕوانگەی کردووەن و لێکۆڵینەوەی لەسەریاندا کردووە.

کلکدارەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بە دەوری خۆردا دەخولێنەوە، بەڵام هەندێجار یەکێ لەو کلکدارانە یەگجار زۆر لە خۆر نزیک دەکەوێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهەڵمداچوون و لەناوچوونی تاهەتایی.

گرژی وئاڵۆزی لە نێوان عەدنان درجال ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق دروست بوو

دەستەیەکی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەستنیشانکرا

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

لەهۆتیلی شیراتۆن لەشاری هەولێر بەئامادەبوونی ئەحمەد ریاز وەزیری وەرزش ولاوان و عەدنان درجال و نەشئەت ئەکرەم یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق و سەرجەم ئەندامانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجامدرا، لەکۆبۆنەوەکەدا تاوتوێی پرسەکانی وەرزشی عێراق بەگشتی و یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق لەنێوان هەردوولا کرا ، لەئەنجامدا کۆبوونەوەکە بەنێوەندگیری ئەحمەد ریاز وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق و بەڕێوەبەری گشتی وەرزش شێخ شاکر ئەحمەد سمۆ رێکخرا و بەم خالانەی خوارەوە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات.

گرژی و ئالۆزی لەنێوان عەدنان درجال و هەردوو ئەندامانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق عەلی ئەسەدی و کامل زغەیەر دروست بوو، هەردوو ئەندامەکە هۆڵی کۆبوونەوەکەیان جێهێشت، بەڵام وەزیری وەرزش ولاوان بارودۆخەکەی هێور کردەوە و دووبارە هەردوو ئەندامەکەی گەڕاندەوە نێو هۆڵی کۆبوونەوەکە.







لەسەر کراوە و بەم هۆیەوەش عەدنان درجال هەموو داوا یاساییەکانی خۆی لەسەر سەرۆک وجێگری سەرۆک کشاندەوە، لەبەرانبەردا ئەندامانی یەکێتییەکە ڕەزامەندبوون لەسەر دەستەکارکێشانەوەیان کەئەم یەکشەممەیە ئاراستەی یەکێتی نێودەوڵەتی فیفا کرد.

ئەم زانیارییانە لەتۆری کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسی وەرزشی ڕێبین ڕەمزی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی یانەی هەولێر وەڕگیراوە.

عەدنان درجال داوای دەستلەکارکێشانەوەی لەسەرجەم ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کرد و لەگەڵ دروستکردنی دەستەیەکی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق و زیادکردنی ئەندامانی دەستەی گشتی یەکێتیەکە لەبەرانبەر کشانەوەی گشت داوا یاساییەکانی لەسەر سەرۆک و جێگری سەرۆک، هەروەها لێخۆشبوون لەئەمینداری گشتی د.سەباح ڕەزا و ئەندامی لێژنەی تێهەڵچوونەوە ستار زوێر کەئێستا لەبەندیخانە بەند کراون.

یەکێتی تۆپی پێی عێراق داوایان لەعەدنان درجال کرد بەزووترین کات گشت داوا یاساییەکان بکشێنێتەوە، هەروەها هیچ داوایەکی یاسایی لەسەر سەرۆک وئەندامانی یەکێتییەکە بەرز نەکاتەوە، لەبەرانبەردا یەکێتییەکە بەگشتی دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان لەیەکێتی تۆپی پێی عێراق ڕادەگەیەنن.

دوای جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنەکە لەلایەن عەدنان درجال ، ئەوا سەرجەم ئەندامانی لێژنەکە بەگشتی دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان ئاراستەی فیفا دەکەن .

ڕێکەوتنەکە لەنێوان هەردوولا ڕێکەوتنی



هیگواین: ئێمە رکابەریی خۆمان دەکەین لە کالچیۆدا

گۆنزالۆ هیگواین، هێرشبەری یانەی یۆڤانتۆس دووپاتی کردەوە، ڕاهێنەرەکەی ماوریسیۆ ساری، یەکێ لە باشترین ئەو ڕاهێنەرانەیە کە کاری لەگەڵ کردوون، خەونی خۆیشی لەگەڵ یۆڤی ئاشکرا کرد. هیگواین لەو لێدوانەیەدا کە مالپەڕی (کالچیۆ میرکاتۆ) بڵاوی کردووەتەوە وتی: لەژێر سەرپەرشتی چەندین ڕاهێنەر نایاب ڕاهێنانم کردووە و لە هەموشیانەوە شت فێر بووم، بەڵام هیچ شک لەوەدا نییە، ساری، ئەو کەسەیە کە باشترین ئاستم لێ دەردێنێت. هەروەها وتی: هەندێجار بەگژ یەکتریدا دەچینەوە، چونکە هەردووکمان لاسارین، بەڵام من ئەوە بە شتێکی باش دادەنێم، چونکە ئەگەر وەها نەبێت، لەنێو ئاپۆڕاکە ون دەبیت و هیچ بەدەست ناهێنێت. لە بارەی ڕکابەریی لەسەر نازناوی کالچیۆش وتی: لە کالچیۆدا ڕکابەریی خۆمان دەکەین، ئێمە تیپێکین دەتوانین ببەینەوە، هەتا ئەگەر بە خراپیش یاری بکەین. ڕوونیشی کردەوە: ئەگەر تیپێکی دیکە نازناوەکە بەدەست بهێنێت، دوای ئەو هەموو ساڵە، مانای وایە ئێمە خاوەیان نواندووە. هیگواین لەبارەی یاریکردنی لەتەک ڕۆنالدۆ و دیبالا وتی: ئێمە لەگەڵ بیرۆکەکانی ساری هاوڕاین، ئەوەش شتێکی بنەڕەتییە، چونکە هیچ کاتێک بۆ هەڵەکردن نەماوە. گۆنزالۆ لەبارەی گەورەترین خەونیشی لەگەڵ یۆڤی لەم وەرزدا وتی:تاکە خەونم بەدەستهێنانی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپایە، کاروانێکی نایابم هەبوو، لە خولە گەورەکان یاریم کردووە گۆڵم تۆمار کردووە. لە کۆتاییشدا وتی: بێجگە لەو خەونە هیچ خەونێکی دیکەم نییە، دەزانم نابێت ئەوە بڵێم، بەڵام ئەوەیان شتێکی لۆجیکییە، چونکە هەموومان دەمانەوێت چامپیۆنس لیگ ببەینەوە.

ڕەمزی میرەکانی

سۆراقی دۆتا: شەترەنج تاکە یارییەپشت بەبیرکردنەوە و مێشک دەبەستێت



سۆراقی دۆتا خانمە ناوبژیوان و ڕاهێنەر و شەترەنجزانی هیندی لە لێدوانێکدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند کە شەترەنج تەنها ئارەزوویەک نییە بۆ ئەو، بەڵکو لووتکەی ژیانێتی، هەروەها گوتی: شەترەنج تاکە یارییە لەنێو یارییەکاندا پشت بەمێشک و بیرکردنەوە دەبەستێت، یارییەکە بەبێ بیرکردنەوە، هیچ بڕیارێک نادەیت و کە بڕیارێشت دا بێگومان بڕیاری هەڵەنادەیت.

جێی باسە سۆراقی ئەمە جگەلەوەی لە چەندین پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی وڵاتی هیند وەکو ناوبژیوان بوونی هەبووە، لەهەمان کاتیش ڕاهێنەری ژمارەیەک یاریزانە لەهەرێمەکەیان.



یەکەم هاتریکی هالاند لەگەڵ دۆرتمۆند

ئیرلینگ هالاندی نەرویژی ڕابەرایەتی بردنەوە گەورەکەی یانەی بروسیا دۆرتمۆندی کرد بەسەر یانەی ئۆگسبۆرگ بە ئەنجامی 3-5گۆڵ، کە لە میانی ڕکابەرییەکانی گەڕی 18ی بۆندسلیگ بەیەک گەیشتن.

هالاند لەو یارییەدا ئاستیکی بەرزی پێشکەش کرد و توانی 3گۆڵ تۆماربکات، کە ئەمەش یەکەمین هاتریکی ئەو یاریزانە نەرویژییەیە لەگەڵ بروسیا دۆرتمۆند.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon.20. Jan. 2020 No: (5914)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی
هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

حەسەن نەسروڵڵا، کە هیچ ئەسڵ و فەسڵێکی نییە، رابردوویەکی تژی لەکوشتن و بڕین و مل پەراندن هەیە، وەک جرجی هەرەتە، جارجار لەکونێکەوە، سەر دەردەهێنێت و بەسمێڵ و دەمی پڕ لەکەفەوە، زکەزکێک دەکات و پاشان دەچێتەوە ناو کونەکەی.

بەم دوایانە، ئەو بەڵای خودایە، زۆر قێزەون رشایەوە، رشانەوەیەکی پڕ لە رق و بوغز، پڕی دایە سەرۆک بارزانی و کورد و پێشمەرگە، بێ ئەوەی رۆژێک لە رۆژان، بارزانی و کورد و پێشمەرگە، قسەیەکی ناشرینییان پێ گوتبێت، یان هەڵوێستی نەشیاویان دەرهەق بەم و حیزبەکەی نواندبێت.

میژوو، زۆر جوان خۆی دووبارە دەکاتەوە، تۆ دیقەت بدە، ئەوانەی دژ بە کورد بوون و کارەساتیان بەسەر هێنا، چۆن ئینتیقامی ئیلاهی تۆڵەی لێکردنەوە، هەر لە شای ئێرانەوە بگرە، تا دەگاتە بۆمدیەن و سەدام، چۆن فڕێ درانە ناو زبڵدانی میژوو، نەسروڵڵاش، زوو یان درەنگ بەو چارەنووسە دەگات، ئەو کاتە نە جبە و مەندیلەکەی و نە ڕیشە حیلەبازییەکەی فریای ناکەون.

یادی هونەرمەندی پێشەنگ (جەمال داوود) کرایەوە





لە مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر، بە ئامادەبوونی بەڕێزان (د. فرسەت سۆفی) پارێزگاری هەولێر و (د. سالار عوسمان) بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی حکومی و حزبی و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و خانەوادەی هونەرمەند، ڕێوڕەسمێک بۆ یادی هونەرمەندی پێشەنگی فۆتۆگرافەر و شانۆ (جەمال داوود)، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کرایەوە.لە دەسپێکی ڕێوڕەسمەکەدا، وتەی بەخێرهێنان لەلایەن فۆتۆگرافەر بەڕێز (فارس سەعدی) پێشکەش کرا. ئینجا وتاری مۆزەخانەی پەروەردە لەلایەن بەڕێز (ئیسماعیل بەرزنجی) خوێندرایەوە، بەدوای ئەو وتاری وەزارەتی ڕۆشنبیری لەلایەن بەڕێز (د. سالار عوسمان) خوێندرایەوە و وتاری پارێزگاری هەولێریش لەلایەن بەڕێز (د. فرسەت سۆفی) بەدوای وتارەکان، فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیان و کارەکانی هونەرمەند بە هاوکاریی تەلەفزیۆنی قەڵات نمایش کرا، ئینجا پەردە لەسەر پەیکەری هونەرمەند لادرا، کە لەلایەن مامۆستای ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان ئەحمەد زەهاوی دروست کرابوو، ئینجا کتێبی (جەمال داوود.. پێشەنگێکی هونەری فۆتۆگرافی لە کوردستان) لە نووسین و ئامادەکردنی (فارس سەعدی) پێشکەش بە ئامادەبووان کرا. دواتر لەلایەن ئامادەبووانەوە گوڵ لەسەر پەیکەری هونەرمەند دانرا و وێنەی یادگارییان لەگەڵ گرت.


فۆتۆ: جەمال یاد و میران چاوەخاڵ

نەقید زەردی وازی لەگۆڕانی وتن هێنا و سەرجەم پۆستەکانی سڕیەوە



هەمزە سەرحان


هونەرمەندی گۆرانیبێژ نەقید زەردی، تەواوی پۆستەکانی لەلاپەڕەی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام سڕیەوە، بۆ ماوەیەک پشوو وەردەگرێت و لە کاری هونەری دوردەکەوێتەوە.نەقید زەردی، لە ڕونکردنەوەیەدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام و فەیسبوک باس لە ماوەی کارکردنی دەکات لە بواری هونەری و دەڵێت " هەموو ئەو سااڵنەی ژیانم، خۆم زۆر هیلاک و ماندوکرد، هیچکات کاتم بۆ خۆم و بۆ بنەماڵەکەمنەبو، پارە، ناوبانگ، دەسەاڵت و بەڕێوبەرایەتی هیچ کات دڵخۆشی نەکردم و زیاتر لە چوار ساڵیشە من یەک شەو بە ئارامی نەخەوتوم، لەبەر ئەوەی ئەوەندەم دڵەڕاوکێم بۆ خۆم دروست کردوە، کە چێژ لە هیچ شتێک و تەنانەت هیچ شۆێنێکیش نابینم".وتیشی " ئاواتەخوازبوم خزمەت بە وڵات و خەڵک بکەم و بەپێی توانا کانم کورد بە جیهان بناسێنم، تارادەیەکیش توانیم ئەوە بە ئەنجام بگەیەنم، هاوکاریی چەندین هونەرمەندی تریش بوم، بەاڵم لە کۆتاییدا نەک تەنها بێوەفایی، بەڵکو خراپەشم بەرامبەر کراوە، وردە وردە کە هەست بە پێنەزانینی خەڵکی دەکەیت و دەبینیت ناحەقیت بەرامبەر دەکەن، ئیتر دەتەوێت دور بیت لێیان و لە تەنیایی خۆتدا دڵتەنگ بیت بۆ ئەوەی جارێکی تر خۆت بدۆزیتەوە".نەقید زەردی دەربارەی ئەوەی زەوی و پڕۆژەی وەرگرتبێت یان ڕونکردنەوەی دا و رایگەیاند " لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا هەزاران قسە کراوە، کە گوایە من زەویم وەرگرتبێت یان پڕۆژەیەکم لەلایەن کەسانێکەوە پێ بەخشرابێت، بەاڵم تا ئێستاش خاوەن هیچ زەوییەک و پڕۆژەیەکی تجاری نیم".دەربارەی دورکەوتنەوەی لە کاری هونەری ئەوەی خستەرو " تەنها هەست بە ماندویەتی دەکەم و دەمەوێ خۆم و میشکم ئارام کەمەوە تا بزانم چیم بەسەر دێت و ژیان بەرەو کوێم دەبات، بێزارم لەو فەوزا و قەرەباڵغی و نمایشەی ڕۆژانە، کە پڕ لە درۆ و دو ڕوویە، ئەوە پشوودانێکە، کە دەمەوێ بە میشک و بە ژیانی خۆمی بدەم بۆ ئەوەی کە بیر لە خۆم بکەمەوە و بزانم تا ئێستا چۆن هاتوم، چیم کردوە، تا بتوانم ڕاستگۆیانە لەگەڵ خۆمدا ژیانم بە جێیەکی باش بگەیێنم".هاوکات نەقید سوپاسی هەواداراکانی کرد کە لەماوەی ئەم چەند ساڵە لەگەڵیبون، وتی" ڕۆژێک بە شێوازێکی نوێ ئەگەر تەمەن و ژیان ڕێی پێ بدات و بگەمە ئارامی، ئەوا دێمەوە وجارێکی تر خزمەتتان دەکەم".نەقید زەردی لەدایکبوی شاری مەهابادی ڕۆژهەاڵتی کوردستانە، لەساڵی 2004وە دەستی بە کاری هونەری کردوە و خاوەنی چەندین گۆرانی و ڤیدیۆ کلیپە، ماوەی چەند ساڵێکە لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیان بەسەر دەبات.



سۆناتای خۆشەویستی ستیڤان کەوتە بەردیدەی خوێنەران

خەبات / ڕۆشنا عەلی

حەڤدەهەمین کتێبی نوسەری کورد ستیڤان شەمزینی بە ناوی سۆناتای خۆشەویستی کەوتە بەردیدەی خوێنەران کە دیوانە شیعرێکە و لە توێی 400لاپەڕەو بەتیراژی 1000 دانە بڵاوکرایەوە، نوسەر لەسەر ئەرکی دارایی خۆی لەسلێمانی بەچاپی گەیاندووە.



گەورەترین پێشانگای لۆگۆ لە وارشۆ



گەورەترین پێشانگای یارییەکانی لۆگۆ لە وارشۆی پایتەختی وڵاتی پۆڵەندا، کە یەکێکە لە بەناوباگترین و شارە گەشتیارییەکانی کیشوەری ئەورووپا کرایەوە کە لەمیانیدا کۆشکەکان، ناوەندی بازرگانی جیهان، کەشتی جەنگی ئەستێرەی هەسارەکان و هەروەها چەندین شوێنی دیکەی بەناوبانگی جیهان نمایش کران.پێشانگاکە لە یاریگای نیشتمانی وارشۆ کرایەوە کە بە گەورەترین یارییەکانی لۆگۆ لە پۆڵەندا دادەندرێت.لە پێشانگاکەدا کۆشکەکان، ناوەندی بازرگانی جیهان، کەشتی جەنگی ئەستێرەی هەسارەکان، قەشەی بوترس-ی بەناوبانگ لە ڤاتیکان، قەڵای هۆگرتس، گۆرانیبێژی فیرقەی کوین، فریدی میرکۆری، هونەرمەندی ئەمریکی، ئەلڤێتس بریسلی، هاری پۆتەر و کەشتی فایکنگ لەگەڵ چەندین شوێنی دیکەی بەناوبانگی جیهان نمایش کران.ئەوەی لە پێشانگاکەدا زۆرترین سەرنجی ڕاکێشا بەلای خۆیدا دیزاینی کەنیسەی نۆتردام بوو، کە لە لایەن کەسێکەوە بە 400هەزار پارچە میکانۆ لە ماوەی 500کاتژمێردا دروستکرابوو.